# کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە نێوان تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا و دادگای باڵای تاوانەکاندا

**عەلی مەحموود محەمەد**

**2009-12-20**

**لە ڕۆژنامەی هەواڵ بە 6 بەش بڵاو کراوەتەوە.**




**کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ئەو چرکە ساتەیە کە ژیانی دانیشتووانەکەی و هەموو خەڵکی کوردستانی گۆڕی، لەحزەیەکە نەك چووە نێو مێژووی کورد بگرە چووە مێژووی مرۆڤایەتیەوە.**

**سیاسەت هەموو دەم  بە رەخنە دەژێت و نویێ دەبێتەوەو گەشەو نەشونما و باڵا دەکات، لە چەوتی و لەرزین و هەژان و هەرەس ڕزگاری دەبێت، بۆ ئەوەی  دەریای خوێن بەخشیینەکانمان لە مێژوودا بەهەدەر نەچێت، ئەو دیرۆکە سامان و موڵکی هەموانە، گشت پێکەوە خاوەنداری لێدەکەین، بۆیە هەموو بۆمان هەیە قسەی لەسەر بکەین و پرسیاری جدی لەسەر یەکبەیەکی لەحزەو سا ت کات و بڕگەکانی بکەین، نابێت ڕێگە بدەین کەلێن و قڵشت لە نووسینەوەیدا هەبێت و بکرێت، بۆ خۆی ترسنۆکییە بازدان بەسەر مێژوودا و پەڕاندنی بڕگەکانی و شێواندنی ، تەنانەت چەندە چکۆڵەیش بێت، بۆیە باش و خراپی رابردو ئێمە خاوەنین ، چاکەکان مافی پاداشت و دەستخۆشی و رێزلێنانی هەیە و خراپەکانیش لێپرسینەوەو لێپێچینەوەو سزا ، هیچ کەسێکیش چەندە پلەو پایەی سیاسی و کۆمەلآیەتی بەرز بێت بۆی نییە رێگە لە پرسیارو دەربڕینە دروستەکان بگرێت ، رێگرتن لە پرسیارو بۆچونەکان مانای**

ترسانە لە گوتنی ڕاستییەکان. کە پێویستە بە وردی بە دوای حەقیقەتەکاندا بگەڕێین لە نووسینەوەی مێژوودا ،بۆیە بەربەست درووستکردن لە بەردەم پشکینینی ڕاستییەکان تۆقینە لە هەڵە و تاوانباری. لێ ناکرێت نووسینەوەی مێژوو لەم سەردەمەدا خاڵی بێت لە هەڵە و کەموکوڕی ؟ .

سەرانی کورد بە توانان لە خۆ کوێر و کەڕ و لاڵکردن، کاتێك تۆرەی هەڵەو کەموکڕی و تاوانەکانی خۆیان دێتە سەر باسکردن، دەبنە نەتەوەیی خواز و هەزار و یەك پاساوی دیماگۆگیانەی بۆ دەهێننەوە، جارێك لە جاران و لە بڕگەیەکی مێژوویدا سیاسیەکمان نەبینی بە دگمەن نەبێت دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت و پاساوی بۆ نەهێنێتەوە. ئەوان پێیان وایە سەرتاپای مێژوییان پڕ لە جوانی و سەرکەوتن و پاکیزەییە و هیچ ناشرینی و شکست و ئاشبەتاڵ و لە پەڵیەکی بەسەرەوە نییە . دیارە باسکردنی هەڵەکان و پەنجە خستنە سەر تابۆکان ئازایەتی و دەستپێشخەری دەوێت .

ئەو تاوانانەی بەسەر گەلەکەمان هاتووەو بەرامبەری ئەنجامدراوە هەمیشە کۆن نابن و بە زیندویی دەمێننەوە، چونکە بەشێکن لە مێژوییەك ئێستاو ڕابردوو و دوا ڕۆژمان بەوەوە بوونی هەیە ، ژیانی ئایندەمان بەوەوە بەندە ، هەموو دەم یادو شوێنەوارەکانیان لە گەڵماندا دەژێن ، خەونی مرۆڤی کوردی ڕزگاربووی پاش کارەسات ، بۆنی مەرگی چرکە ساتەکانی ئەو عەیام و کات و سات و سەردەمەیان لێ دێت ، بۆیە تا ئەو برینە وەك خۆی چۆن بووە و ڕوییانداوە نەخوێنینەوەو وێنای نەکەین ناتوانین برینەکانی لە داهاتوودا ساڕێژ بکەینەوە، وەك چۆن 21 ساڵە نەمان توانی ، لە ئێستادا خەونی پەمبەیی بە ژیانەوە ببینین و ڕزگارمان بێت لە ئەنفالێك کە لە هەموو چرکە سات و دەمێکدا لەگەڵماندا دەژێت .

15 ساڵ بوو ترسێکی قوڵی مەزن لە سەدام دایگرتبوین ، خوێندنەوەی ئەو تاوانانەمان بە سەرکەوتنی سەدام و شکستی خۆمان دەزانی، دێوەزمەی بونی ئەو ڕێگەی دەربڕینی پرسیارەکانی لێدەگرتین ، هەموو تاوانەکەمان دەخستە ئەستۆی ئەوێکی دوور لە خۆمان کە لە هەرەسی کات و ساتدا بوو، کەچی ئەوانەی دەبوایە بەشێك لە ڕەخنەکانمان ئاراستەیان بکردایە و کارەکتەرێکبون لە سیناریۆکە، هەموو دەم ئامادەی دەست لە ملانێی بوون، هەموو کات ئامادەی گەڕانەوەی سەرشۆڕانە بوون بۆ ئامێزی و هەر قسەکردنێك لەو تاوانانەمان بە قازانجی ئەو دەزانی ، زاتی ئەوە نەدەکرا قسەی جدی لەسەر ئەو تاوانانە و لایەنە شاراوەکانی و نهێنییەکانی بکەین، تەنانەت ئەرشیفی دڵە غەمگینەکانیشی بۆ نەخرابووە سەر پشت، لە گێڕانەوەی چیرۆك ئاساو فرمێسك ڕشتن وەدەری بنێین و پەنجەی ڕاستی و حەقیقەت بخەینە سەر هۆکارەو ئەنجامدەرانی ، ڕوخانی سەدام و دەسەڵاتەکەی ئەم دەرگایەی بۆمان خستە والا کرد، وەلێ لە سێدارەدانی بەو پەلەپەلە بەشێك لە مێژووەکەی لەگەڵ خۆیدا بردە گۆڕەوە ، هەنووکە لەگەڵ ڕوخانی ئەو دەسەڵاتە هەموو مەحرەمەکانمان بۆ حەڵاڵ بووە ، دەبا ئێستا بێترس لە دۆزەخ تامی دەربڕینی ئەو ڕاستییانە بنۆشین ،با بوخچەی ئەو ڕاستیانەی چەندین ساڵە نەگوتنی ئازارمان دەدات بۆ هەمووان

بکەینەوە.. تەنانەت سەدام لە کوردستانیش هاوکارانی خۆی لە لێپرسینەوە دەپاراست ، مانەوەی ئەو زەمانەتی دەنگ نەکردن بوو لەگەڵیان ، مانەوەی سەدام زامنی ژیانی سەدان ئەنفالچی بوو کە قارەمان و ڕاوچی بە کۆمەڵی ئەم گەلە و رۆڵەکانی بون، ئێستاش عەقلیەتەکەی کردومانیەتی بە گەلێکی بێ زاکیرەی زەبوون ، دەبێت ببین بە گەلی خاوەن زاکیرەو کەرامەتی نەتەوەیی ، تاوەکو کۆمەڵکوژییەکان لە یاد بکەین لە کەرامەت و زاکیرەوە دەیان فرسەخ دوورین، تا ڕاستییەکان وەك خۆی نەگێڕینەوەو یاداشت نەکەین درۆ لە گەڵ قوربانیان و گۆڕە بە کۆمەڵەکان و یاداوەرییەکانیان و وێنەکانیان دەکەین، درۆ لە گەڵ عومەر خاوەرەکان و خۆمان ویژدانماندا دەکەین .

ئەوان یاداشت و بابەتەکانیان بە هەستێکی غەمگینی ناسیۆنالستی سۆزاوی دەنووسنەوە، وا نیشانی دەدەن لە ڕابردودا هەڵە نەکراوە، ئەوان ترسیان هەیە دان بە هەڵەکانی رابردوودا بنێن، لە ئەرشیفەوە وێنەو فێلمی تاوانەکان و قوربانییەکان دەردەهێنن و لە کەناڵەکانیان نمایشی دەکەن و خۆیانی پێ جوان دەکەن و رەوایی دەدەن بە مێژوو و ئێستای خۆیان .

هێنانی ئێران هەرچەندە خۆیانی وردو خاشکرد و کۆتایی پێیان هێنا، هاوکات لەوە زیاتر پێگەی بزووتنەوەی سیاسی کوردیشی لە ئاستی جیهانی لاواز و ناشرینکرد.

مافی خۆمانە گومانمان لە هەموو ئەو رابردووە هەبێت و بپرسین ، ئەو تاکتیکە هەڵەیە بۆ کرا؟ بۆچی کوردستان کرا بە بەشێك لە بەرەی شەڕ؟ پرستان بە کێکرد سوپای ئێرانتان هێنایە سەر سفرەی ئەو خەڵکە بێتاوانە؟. چەندە بیرتان لێکردەوە؟ ئەنجامی چیبو چی لێکەوتەوە؟ ئایا سەدامتان وەکو خۆی دەناسی کە پێشتر دەست لە ملانێی بوون و وێنەکانتان تا ئێستا وەك پەڵەیەك لە ئارشیفەکاندا ماوە؟ ئایا بیرتان لە ژیانی ئەو خەڵکە و پاراستنی گیان و سەروەت و سامانەکەی کردبوەوە؟ بەرنامەو ستراتیجی هەمو ئەو کارانەتان چیبو؟ ئەمەو دەیان و سەدان پرسیاری بێ وەڵامی دی کە تا هەنووکەش یاساغە بکرێن.. خەڵکیش هەر لە چاوەڕوانی وەڵامەکانیاندایە! ئایا ئەوەی دوێنێ بە تاکتیکی هەڵەو کرداری نابەرپرسانەی گوێ نەدان بە ژیان و سەروەت و سامانی خەڵك قوماری بە چارەنووسیانەوە کرد(لای هەندێك سیاسەت قومارە)، چۆن دەتوانن ئەو هەڵانە لە داهاتوودا دووبارە نەکەنەوەو جارێکی دیکە بەهەمان ڕێگاو ئاقاردا نەمانبەنەوە؟!.

بەڵێ ئەو جەنگە هاوبەشەی (( ئێران– پێشمەرگە )) ئەنجامیان دا ، کە چەندین ناوی لێنراو پیرۆز کرا، زۆرێك ناسنامەو ئامانجیان بۆ داتاشرا ، جگە لە مەرگ هیچ ئەنجامێکی دیکەی بۆ گەل نەهێنا، وارۆکەران و جێبەجێکەرانی لە ئاست ئەو مێژووە پێویستە دان بە هەڵەی خۆیاندا بنێن و لە بەرامبەر وتنی ڕاستیەکان هەڵنەیەن. ئەو تاوانانەی ئەو تاکتیکە چەوتانە بەرەو ئەو ئاکامەی بردن گەورەترین وێستگەی تراژیدیایانەی ژیانی کوردە لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوویدا .

ئەمڕۆ مافی خۆمانە لە هۆکار و چۆنییەتی شەهید بون و مردنەکانی ئەو سەردەمەی کەسوکارمان و گەلەکەمان بکۆڵینەوە، لە ئێش و ئازارەکانمان ورد ببینەوە، بە قوڵی تێبڕامێنین، قسە لە کۆمەڵکوژییەکانمان بکەین، پرسیار لە هۆکاری لە دەستدانی ئازیزانمان بکەین، پێویستە بە سەرجەم یادەوەری ڕابردودا بچینە ناخی خوارێ و پرسیارە گەورەکان ئاراستەی کەڵە سیاسیەکانی ئەو کات و قەڵەم بەدەستانی سەر مێزی مۆرکردنی پەیماننامەکانی ئەو دەم بکەینەوە.

مێژوو ئاوێنەی کردارەکانە، پڕە لە سەرکەوتن و شکستی، کەوتن و هەڵسانەوە، جوانی و ناشرینیی، دیرۆک جوانی و ناشرینییەکانی ژیان هەردووک پێکەوە دەنوسێتەوە، بەڵام هەمووی بەیەك رەنگ تۆمار ناکات، ناشرینی و جوانی لە هیچ برگەیەکی ژیان قەت تێکەڵ بەیەك نابن و ئاوێتەی یەکدی نابن، هەر چەندە مێژووی هەموو مرۆڤ و بزووتنەوەو پارت و .... پڕە لە کۆکتێلی جوانی و ناشرینی ، بەڵام هەریەکەی لە ڕیزێکدان، هەر بەشەی ڕەنگێکی تایبەتی خۆی لە دەفتەوەری بیرەوەری و لاپەڕەکانی مێژوودا هەیە، رەنگێکی وا هەرچی توانای جیهان هەیە ناتوانێت یەك وشەی ماکیاژ بکات، تەنانەت لەکەیەکی ناشرینی جوان بکات، ئەوەیشی بکرێت دوا ڕۆژ ئاشکرا دەکرێت.

سەرکردە سیاسییەکانی کورد، دەبوایە وەڵامی هەموو پرسیارەکانیان پێش ئەنجامدانی ئەو کردە سەربازییە هاوبەشەیان لەگەڵ ئێران پۆلین بکردایەو بدایەتەوە، دەبو خۆیان بۆ هەموو ئەگەرێك ساز و ئامادە بکردبایە، ئاسانە بە جیهاز و لە دووری دەیان و سەدان کیلۆمەتر، بێ ئامادەیی کەسوکارت بڕیاری قورس ومالوێرانکەر بدەیت! ! بڕیارێك یەکێك لە گەورەترین کارەساتی مرۆڤایەتی لە نیو سەدەی ڕابردوی مرۆڤایەتی خولقاندبێت، تۆش پەنجەت بە ئاوی شلەتێندا نەکردبێت، ماڵ و منالەکانیشیان هەموو لە خۆشترین وڵاتی ئەوروپابن، دەبوایە بیانزانیبا قومارکردن تەنها بە ماڵ و منداڵ و سەروەت و سامانی خۆیانەوە دەکرێت (هەرچەندە ئەوەش تاوان و ناڕەوایە و ناکرێت)،نەوەك بە نیشتمان و بزووتنەوەی سیاسی و سامانی وڵات و جەماوەرەوە.. بیهێننە پێش چاوی خۆتان عومەر خاوەرین و نەمردبێتن؟!.

دەبو لە خۆیان بپرسیایە ئەو جەنگە بەرەو کوێیان دەبات؟ بەرەو بەهەشت و سەرکەوتن یاخود دۆزەخ و کاولستان و سەر زەوی مەرگ؟ ئەوان بەو بڕیارەیان تەنها لەبەر دەسکەوتێکی سەربازی و دارایی گەلیان لە کارەساتێکەوە بۆ یەکی زۆر مەزنتر و گەورەتر پەلکێشکرد، کارەساتێك ئەوەندە قوڵ، خاڵی کۆتایی نەبوو، ئێستاش ڕێگا بە پرسیاری قوربانییەکانیش نادەن، چۆن دوێنێ ڕێگەی دەربازبوونیان پێ نەدان، ئەمڕۆش ڕێگای پرسیار کردنەکانیان دەگرن.

21 ساڵە ئەو پرسیارانەی لە پەیوەند بە هێنانی پاسدار و نهێنییەکانی لە ناوەوە دەمانخوات، پرسیارێك بەردەوام دەمانەوێت بیکەن و ترس دەمانگەڕێنێتەوە بۆ خاڵی سفر، تا تاڵەبانی بۆ خۆی لە ناچاری وەك شەریکە بەش کردی، ئێستا پێویستی بە وەڵامدانەوەی جدی هەیە.

نابێت  له ئەبەدییەتی ترسان له پرسیاردا ژیان بەرینە سەرو ماکیاژی هەڵەکان بکەین، دەبێت سەرەداوی هەموو پرسیارەکان بکەینەوە، هەزاران پرسیار بە هەزاران ئاواز و سەمفۆنیاوە له گەروماندا چاوەڕوانی دەرچونە دەرەوە دەکەن، هەر مەرگێك لەو 182000 و 8000 و 5000 ە، پرسیارێکیان بۆ سیاسییەکان هەیە، هەر یەکەیان خەون و چیرۆکێکیان هەبوو، هەر یەکەیان له دوای خۆیان بەسەرهاتێکی ئازیزانیان هەیەو له ناخیاندا قەتیس ماوە، پێویستە دەرگا بۆ پرسیارە زۆر و زەبەندەکانیان بکەینە سەر پشت.. پێشکەوتن له ڕێگای وەڵامی ئەم پرسیارانەوە دەبێت، له ڕێگەی ئازادکردنی پرسیارەکانەوە دەبێت و له رێگەی وەلآم بە ڕەخنەکان و خواستی جەماوەرەوە دەبێت.

دەبوایا له دۆسیەی هەڵەبجەدا له پاڵ عەلی کیمیاوی هەموو ئەمانە دانیشتنایە:

–ئەوانەی ڕێگایان گرت له دەرباز بوونی خەڵك(بە بارمتە گرتنی خەڵکی سڤیل بۆ خۆ پاراستن، تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیە، له هەڵەبجە سەدان شایەدی وا هەیە).(( پاراستنی خەڵکی مەدەنی بنەمایەکی سەرەکی یاسای مرۆڤدۆستیی نێو دەوڵەتییە بە یاساکانی جەنگیش دەناسرێت و سەرچاوە سەرەکیەکانی هەرچوار رێککەوتنامەکەی جنێڤی ساڵی1949یە(( کارێکی ژەهراوی–یۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق–کۆمپانیای ئاوێنە ل109.)).

– دزینی و بە تاڵانبردنی ماڵی خەڵکی تاوانی جەنگە.

– دزینی بانکی هەڵەبجە و دەیان شوێنی گشتی دیکە وەك پەرتووکخانەی شار .... .

–بە کوشت و ئیعدامدانی دەیان پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات(ئیعدامی دیلی شەڕ تاوانی جەنگە).

له هەموو دادگاییەکدا تەواوی لایەنە پەیوەندیدارەکان قسەولێدوانیان وەردە گیرێت، هەموو ئەوانەی لەو چرکە ساتەی ئەنجامدانی روداوەکەدا ئامادەییان هەبووەو زیانیان هەبووە یان ڕۆڵیان له ڕوداوەکەدا هەبووە.

ئەگەر سەیری سەدەی ڕابردوو بکەین، بەشێکی بەرچاو له کۆمەڵکوژییەکان جیهان، بە هۆکاری پەیوەندی ئەو وڵاتانە لەگەڵ وڵاتی بێگانە ئەنجامدراون.

جەنگی جیهانی دووەم دەیان ملیۆن مرۆڤی له بەرداشی خۆیدا هاڕی، چەندین وڵاتی کرد بە خەرابە، وەلێ تەنها هیرۆشیما و هۆلۆکۆست له یادا‌وەری بابەتی مشتومڕو گفتوگۆدا له پاش بە جێما، شۆڕشە نوێکانی گەلەکەمان بەوەی یەکێتی و گوڵانیشەوە له ساڵی1988 تەنها هەڵەبجە و ئەنفال و8000 بارزانی لێ بەجێما.

راستی چەندە ون بکرێت، له کۆتاییدا ڕێگای خۆی دەدۆزێتەوە. چەندە قەڵەم بە دەستانی چەواشەکار بە بەرژەوەندی سیاسی و رێکخراوەیی و خۆیان بیانەوێت روی دەرخستنی راستییەکانی بشێوێنن، له ئەنجامدا بەشیان

هەر هەرەسە، کەسی ڕاستگۆ هەرگیز لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕابردوو ناسڵەمێتەوە، وتنی هەموو ڕاستیەکیش سەرەتا باجی قورسی پێویستە. چ دەزگاو لێکۆڵەرێکی بێگانەی شارەزاو وردبین هەیە، کاتێك باسی ئەو تاوانانەی باسم کردن بکات، ڕۆڵی بەشداری ئێران لە خودی تاوانەکان ناهێنێتە پێشەوە.

لە دادگای بازرگانی چەکی کیمیاوی هۆڵەندی فرانس ڤان ئانرات کاتێك بریندارە پاسدارەکان و هاووڵاتییە بریندارە هەڵەبجەییەکان پێکەوە لە تەنیشت یەکتر ڕادەوستن و لە شوێن و ڕۆژێکدا زامدار دەبن، ئەمە وادەکات تەنانەت لەلایەن داواکاری گشتی دۆسیەکەشەوە کە هەموو هەوڵێکی بۆ بە جینۆساید ناسینی ئەو تاوانانە بوو بە تایبەت هەڵەبجە، نەتوانێت تەنانەت ئاماژەیەکیش بە تاوانی هەڵەبجە وەك جینۆساید بدات.

بوونی پاسدار لە پاڵ دۆسیەکانی بارزانی و هەڵەبجەو ئەنفال راستیەکی هاشا هەڵنەگرە، هەر دادگایەکی ئازاد و سەربەخۆ کە بیەوێت لێکۆڵینەوە لەو دۆسیانە بکات ناتوانێت بە بان ئەو وردە کاریانەدا هەنگاوێك بهاوێت. ئەگەر لە دادگای ئێراقدا ئەوە نەکراو شایەدکار و سکاڵاکەری جۆراوجۆر نەهێنرایە پێشەوە، ئەوە دادگاییکردنی دۆڕاوەکان بوو، براوەکان لەهەموو تۆمەتێك بێبەری کران، هەر ئەمەش وایکرد ئەو بڕیارە گرنگەی لەسەر دۆسیەی ئەنفال درا ،لە ئاستی نێو نەتەوەیی ئەو گرنگیەی نەبێت و نەتوانرێت وەك دۆکۆمێنتێکی مێژوویی چاوی لێبکرێت.

کێ هەیە بتوانێت بڵێت ئێران بەشێك نییە لەو دۆسیانە، ڕاستە سەدام و بەعس تاوانباری سەرەکی تاوانی هەڵەبجەن، ئەی مەگەر ئێرانیش نەبوو هەر لەو هەڵەبجەیەدا 72 پێشمەرگەی (کۆمەڵە)ی بە کۆمەڵ کوشت و بە دیلی لە سێدارەی دان. مامەڵە نەکردن لەگەڵ دیلەکانی جەنگ بە پێی پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکان و تاڵان و بڕۆی خەڵك و بە بارمتەگرتنی خەڵکی سڤیل لە شارەکە نەهێشتنیان لە دەرچن و رزگاربون لە مەرگ هەموو دەچنە چوارچێوەی تاوانە مەزنەکانەوە، ئەو تاوانانەی بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان کۆن بونیان نییە و ڕۆژێك هەر پەنجەرەیان لێدەکرێتەوە.

ئەو چوار شەممە نەگریسەی لە جەرگەی فەجری 10دا هەڵەبجەی تێدا کرا بەو شارەی کە سەرانی (ینك) زۆر جار شانازی دەکەن کە بە جیهانی ناساند، یەکێك لە ڕەشترین ڕۆژەکانی مێژووی مرۆڤایەتییە.

لە پیلینۆمی (ینك) لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی2009، بەڕێز تاڵەبانی کۆمەڵێك تۆمەتی خستە پاڵ بەڕێز نەوشیروان مستەفا بە تایبەت لەمەر کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە، کە بەشێکیان دەچنە پای تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگەوە، لە ناو ئەو هەموو تۆمەتەدا من تەنها ئەو بەشەی تایبەتە بە دۆسییەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە هەڵدەبژێرم و هەڵوەستەیەك لەسەر وتەکانی هەردووك بەڕێزیان دەکەم.

دیارە ئەگەر دادگای باڵای تاوانەکان دادگایەکی جدی بوایا، هەر پاش ئەو وتانە، هەردوو بەڕێزیانی بانگدەکرد بۆ دادگاو دۆسیەی بۆ دەکردنەوە، بە تایبەت وتەی کەسێك سەرۆك کۆماری ئێراقەو واژۆی لەسەر پێکهێنانی خودی دادگاکە کردووە.

## تاڵەبانی لە پیلینیۆم چی گوت؟

پاش تێپەڕ بوونی زیاتر لە 21 ساڵ بەسەر تاوانی هەڵەبجەدا، دوای ئەوەی لە چەندین بۆنەو کاتی جاجیادا کە پێشتر لێدوانی پێچەوانەی داوەو داکۆکی سەرسەختانەی لە هاوپەیمانی نێوان (ی.ن.ك) و سوپای پاسدارانی ئێران کردووە و واژۆی لەسەر ئەنجامدانی چالاکی سەربازی هاوبەش کردووە، لە کۆتاییدا سیاسەت تێکەڵ بە راستییە مێژووییەکان بوو و ماری بە دەستی هاوڕێکەی گرت و خۆی بێبەریکرد لە بەشێك لە هەڵەترین کاری ژیانی سیاسی خۆی، تاڵەبانی لە پلۆنۆمی (ینك) دا سەبارەت بە کیمیابارانی هەڵەبجە وتی: "نەوشیروان مستەفا بەبێ ئاگاداری سکرتێر لەگەڵ پاسداراندا هێرشیان کردووەتە سەر هەڵەبجە، هەرچەندە رژێمی عێراق پێشتر ئاگاداری کردبووینەوە کە ئەگەر پاسدار بهێننە سەر هەر ناوچەیەك بەچەکی کیمیاویی لێیاندەدات" ( ئاوێنە پوختەی قسەکانی تاڵەبانی دەربارەی نەوشیروان مستەفا بڵاودەکاتەوە 3-11-2009).

هەر لە چوارچێوەی ئەو وتانەدا، بەڕێز فوئاد مەعسوم تەسکییەی ئەو وتانەی تاڵەبانی کرد کە بڵاو کراونەتەوە و وتی: مام جەلال باسی موعاناتی خۆیو یەکێتی کرد، بەڵام راگەیاندنەکەی پلینیۆم باسی بڕیارو هەڵوێستی داهاتووی یەکێتی کرد۔ وتارەکەی مام جەلال مێژووی موعاناتەکە بوو، ئەو موعاناتە بەدرێژایی ئەو مێژووە کەڵەکە بووەو چیتر تەحەمول نەکرا، جا ئەو باسی لەو موعاناتەی کرد۔ (فوئاد مەعسوم: ئەوەی مام جەلال لەسەر کاك نەوشیروان وتویەتی موعاناتێکی مێژوویی کەڵەکە بووە،ئا: ئاوێنە4-11-2009).

بەڕێز عومەر فەتاحیش پێشتر هەمان بۆچوونی هەبووە، کاتێك لەگەڵ یۆست هلتەرمان چاوپێکەوتنی کردووە ئەمەی درکاندووە((عومەر فەتاح: شەوکەت راستەوخۆ پەیوەندی بە سەرکردایەتییەوە هەبوو(لە دۆڵی جافایەتییەوە نەوشیروان سەرکردایەتی دەکرد) کارێکی ژەهراوی–یۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق–

کۆمپانیای ئاوێنە ل161 ))(مەبەستی شەوکەتی حاجی مشیرە کە بەشی شیری سکاندالەکە لە ملی ئەو ساغ بوەوە).

گۆڤاری لڤینی نزیک لە کاک نەوشیروانیش لە ڕیپۆرتاژێکدا دەنووسێت: ((بەرپرسێکی ینک دەڵێت:کاک نەوشیروان بە برووسکە پێیوتین گەر پەلە نەکەن لە دەستپێکردنی هێرشەکەدا، ئەوا هێزەکانی ڕژێم ئێمە لە دۆڵی جافایەتی هەڵدەکەنن، ئەم بەرپرسە دەڵێت: مژدەی نزیکبونەوەی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکەم بە لاسلکی گەیاندە سەرکردایەتی، دەمزانی ئەنساتی عێراقی گوێیان لێدەبێت، ئەمەم بۆ سوککردنی هێرشەکەی سەر سەرکردایەتیمان کرد–یاسین ڕەسوڵ عوسمان–لڤین، ئەو هەڵە ستراتیژییەی کیمیابارانی لێکەوتەوە).

وەلێ شەوکەت حاجی مشیر دەڵێت : (لە نێوان قەڵادزێ و هەڵەبجە و حاجی ئۆمەران سەرکردایەتی لەسەر هەڵەبجە گیرسایەوە) (کارێکی ژەهراوی–یۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق–کۆمپانیای ئاوێنەل 148).لێرەدا ڕۆڵەکە دراوە بە سەرکردایەتی ینك، وە ئەوانیش بڕیاری گرتنی هەڵەبجەیان داوە، لایەنەکانی دیکە کە بەشداریش بوونە بە پێی ئەم وتەیە بڕیار بە دەست نەبوونە، تەنها هاتوونەتە سەر سفرەی ئامادەکراوی (ینك).

ئیتر ئەوە نەزانراوە ئەو سەرکردایەتییەی ئەو بڕیارەی داوە لە چەند کەس پێك هاتووەو و کێ بووونە؟! ئایا وازۆیان لەسەر چ بڕیارێك کردووە؟ دۆکۆمێنتەکانی ماون و دەتوانرێت توێژەر و لێکۆڵەرەوەکان کەڵکی لێ وەربگرن بۆ نووسینەوەی مێژووی تاوانی هەڵەبجە!.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، چۆن بووە بەڕێز نەوشیروان مستەفا لە نووسین و یاداشتەکانی پێشوویدا، باسی زۆر لە بڕگەکانی ژیانی سیاسی خۆی بە لێدانی نەوتەکەی کەرکووکەوە دەکات، وەلێ کەم و زۆر نایەتە سەر هەڵەبجەو باسی رۆڵی خۆی لەو جەنگەدا ناکات؟!.

سەرەتا پێویستە هەڵوێستەیەك لەسەر وتەکانی ڕێزدار تاڵەبانی بکەین، ئەوجا بەدوای وەڵامەکەی کاك نەوشیروان بکەوین.. دیارە هەموو کات قازانج باوکی زۆرە و شەڕە لەسەر دوورینەوەی دەسکەوتەکانی، زەرەریش هەتیووەو بێ باوکە کەس خۆی ناکات بە خاوەنی، بێ وەفاترین هاوڕێش ئەوەیە لە زیان شەریکت بکات و قازانجیش بۆ خۆی بدورێتەوە، دیارە ئەم دوو هاوڕێ دێرینە هەر یەکەیان بەش بە حاڵی خۆی ئەوەی بەرامبەر ئەوی تر کردووە.

ئەوەی لە هەڵەبجە رویدا، هێزەکانی ینك و پدك و سۆسیالست و بزووتنەوەو مەجلیس ئەعلا بە پێشەنگی سوپای پاسداران هێرشیان کردە سەر شارەکەو گرتیان، واتە تەنها هێزەکانی ینك نەبوون، ئەمە لاوازترین خاڵە بۆ تۆمەتەکانی تاڵەبانی بە تاوانبارکردنی لە هێنانی پاسدار بۆ سەر هەڵەبجە تەنها لە لایەن کاك نەوشیروانەوە، چونکە کاك نەوشیروان ئەگەر خاوەند ئەو دەستپێشخەرییە بێت بۆ ینك، خۆ هەر ئەویش پێشەنگی لایەنەکانی دیکە نەبووە؟

ئەو هەڵە مێژووییەی کراوە جگە لە ینك چوار لایەنی دیکەش بەشێکبوونە لە کردە سەربازیەکە، ئەگەر وەك ینك بەشداریان کاریگەر نەبووە ئەوە پەیوەندی بە قەبارەی هێزەکانیان و ئەزموونی رابردو و ئاستی جەسارەتی هێزەکان و توانای لۆجستیکی سەربازی و ئیستخباراتی و شارەزایی مەیدانی و  پشتیوانی جەماوەرییەوە هەیە. هەر لایەنێکیش بە یەك چەکدار بەشداری کردبێت، مانای ئەوەیە لە گەڵ مەبدەئی کارەکەدا بووە لایەنکری کردەوەکەبوە، لە قازانج و زیانیشدا شەریکە بەشە.

بۆیە تۆمەتبارکردنی بەڕێز نەوشیروان مستەفا بە هۆکاری سەرەکی ئەو تاوانە و خستنی هەموو تۆبەڵەکان بۆسەری، هۆکارە کوردییەکان کە خۆی لە هێنانی ئێران و هەندێك کاری ترسناك وەك (بڕینی بانکی هەڵەبجە، رێگە گرتن لە دەربازبونی خەڵك، دزینی سەروەت و سامانی خەڵکی، ئاگادار نەکردنەوەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و دیموکرات و حشع...هتد) دەبینێتەوە، هەوڵ و تۆمەتێکی نەزۆکە، کە زۆریان دەچنە پای تاوانە مەزنەکانەوە بە ستانداردی دادوەری جیهانی، نەوشیروان مستەفا نە راستەوخۆ لە هەڵەبجە بووە، ئەگەر ئەو لە بەشی ینك بڕیار دەریش بێت لە دورەوە، لە کۆی پرۆسەکە بڕیاری دەری هەموو لایەنەکان نەبووە.. هاوکات تاڵەبانی لە لێدوانەکانی پێشودا داکۆکی لە پەیوەندی نێوان ینك و ئێران کردووە، کە لە ساڵی1986ەوە بەردەوام بوو.. با بزانین مام جەلال لە ڕابردوو چی گوتووە:( رۆژنامەی de Volkskrantی هۆڵەندی لە ژمارەی رۆژی 1987/4/25 نوسینێکی رۆژنامەگەرێکی رۆژنامەکەی بڵاو کردۆتەوە بە ناونیشانی "عێراق بەچەکی کیمیاوی پەلاماری کوردەکان دەدات". رۆژنامەنوسەکە دەڵێت: سەرکردەیەکی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە نەیویست ناوی ببرێت و ئێستا لەسەردانی ئەوروپایە وتی: "تەنها لە گوندی بالیسان 130 کەس کوژراو و بریندارن، زیاتر لە نیوەی قوربانیەکان پێشمەرگەی یەکێتین و ئەوانی تر دانیشتوی گوندەکەن و زۆربەیان منداڵ و ژنن. بالیسان تەنها گوند نیە بە کیمیاوی لێی دراوە، گوندەکانی هەڵەدن، جارگاجو، کانیتو، ئاواجێ و چنارەش لە دەوروبەری شارۆچکەی دوکان بە کیمیاوی لێدراون و دەیان کەس بونەتە قوربانی". لەوەڵامی پرسیارێك بۆچی سوپای عێراق ئێستا چەکی کیمیاوی بەرامبەر بە کورد بەکاردەهێنێت، ئەو سەرکردەیەی یەکێتی وتی: "لە چەند هەفتەی دواییدا هێزی پێشمەرگە هێرشی کردۆتە سەر سوپای عێراق و چەند ناوچەیەکیان گرتۆتە دەست، لەوانە شاخە ستراتیجە گرنگەکانی گۆیژە و ئەزمەڕ لە نزیك شاری سلێمانیەوە".

(تێبینی: کە لە گوندی شێخ وەسانان درا بارەگای پاسدار لە گوندەکە بوو لە پاڵ بارەگای لقی3پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشتر شەڕێکی هاوبەشیان ئەنجامداوە دژ بە هێزەکانی ئێراقی لە ناوچەکە، واتە لەمەشدا بوونی ئێران غائیب نەبووە لە هاوکێشەکەدا، هەروەها لە شەڕی ئەزمڕیش پاسدار بەشدار بووە—نووسەر).

(رۆژی 1988/3/24 رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی دو وتاری بەناونیشانی "چەکی تیرۆری عێراق" و " پێکهاتە نهێنیەکانی مردن لە هەوادا" کە لەلایەن Vahe Petrossian و David Fairhall نوسرابون بڵاوکردەوە.

سەرکردەی یەکێتی، جەلال تاڵەبانی کە لە لەندەنە و بەنیەتە سەردانی چەند وڵاتێکی ئەوروپی بکات، دەڵێت کە نزیکەی 5،1 ملیۆن کورد لە گەورەترین ئۆپەراسیۆنی راگواستنی زۆرە ملێی ئەم سەدەیە دەگوازێرێنەوە و دەڵێت: "ئەمە ئەرمێنیایەکی تازەیە، ئەمە جینۆسایدە". تاڵەبانی و پارتی و چەند گروپێکی بچوکی کوردی تر هاوپەیمانیەکی گونجاویان لەگەڵ ئێران سازداوە و چەکی قورس و تازە وەردەگرن و ئۆپەراسیۆنی هاوبەش بەیەکەوە دەکەن. دوێنی تاڵەبانی وتی: "پێشمەرگە کوردەکان لە گرتنی هەڵەبجە لە ناوەڕاستی مانگی مارتدا یارمەتیدەر و ئاسانکەر بون". بارەگاکانی تاڵەبانی زۆرتر لە خۆرئاوان، لە 27 شوباتەوە شەڕ تێدا لەنێوان یەکێتی و 30.000-20.000 لە هێزەکانی عێراق بەردەوامە. عێراقیەکان شەڕی سەر هەڵەبجەیان بەجێهێشتوە. تاڵەبانی وتی کە عێراقیەکان گوندی سەرگەڵویان گرتوە پاش قەسفکردنی کیمیاوی 2.000 دانیشتوانی گوندەکە.)).(کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: چیا عباس-رۆتەردام 2009/11/23 -هەڵەبجە و راستەیەکان لەچەند لاپەرەیەکی مێژودا).

به پێی وتەی ئەم بەڕێزە کاك حەمە زاهیر  دۆزی هەڵەبجە، لە کۆنگرەی یەکەمی ینك مشتومڕی لەسەر کراوە، گوایە بە فەرمانی دەستە جەمعی سەرکردایەتی ئەنجامدراوە، دیارە یەکێك لەوانەی سەرکردایەتی کە بڕیاریان لەسەر داوە بەڕێز نەوشیروان مستەفایە، هەرچەندە لەناو ینك هەمیشە سەرکردایەتیەکان توانای بڕیاریان نەبووە، ئەو بڕیارە ئەگەر  گلۆپی سەوزی لە سکرتێری گشتی و جێگیرەکەیەوە بۆ دانەگیرسایە ئەوا سەرکردایەتی توانای بچووکترین بڕیاریان نەبووە، وەلێ بۆ ئەوەی ئۆباڵی شکستەکەی بخەنە سەریان  لەمەدا شەریکە بەش دەکرێن ((بەڵام دۆسیەی هەڵەبجە لە سەر داوای شەهید شەوکەتی حاجی موشیر ساڵی 1992 لەکۆنگرەی گشتی ینک ساغ کرایەوە وەلێپرسراوە باڵاکانی ئەوکاتەی یەکێتی ووتیان بەڵی لەسەر داوای ئێمە کاک شەوکەت ئەو ئۆپەراسیونەی بەهێزی موتەفەریقەی پێشمەرگە بۆسەر هەلەبجە ئەنجامداوە، هۆکەشی بۆ کەم کردنەوەی فشاری سوپای عیراقی بوو کە لەوکاتەدا سەرەتای هەڵمەتی ئەنفالی سەرکردایەتی ینک دەستی پێکردبوو، وە لەو کۆنگرەیەدا بەئامادە بوونی خودی سکرتێری ینک کەس نەیووت بە فەرمانی تاکە کەسێک ئەنجام دراوە بەڵکو ووتیان بەفەرمانی سەرکردایەتی بووە ئەم باسەش لە کۆنگرەدا لە پەناو پسارددا نەکرا بەڵکو بەئامادەیی سەدان کادیری یەکێتی کران کەهەر هەمویان ئەندامی کۆنگرەبوون بە بەڕێز کاک (چیا عەباس) یشەوە . هەر شادبن . حمە زاهیر ئەندامێکی کۆنگرەی ناوبراو ـ سوید)).








## وەڵامی کاک نەوشیروان و هاوبیرانی بۆ تاڵەبانی

لە کاتێکدا تاڵەبانی دڵسۆزترین و نزیکترین هاوڕێکانی ڕابردوی خۆی تۆمەتبار دەکات بە کۆمەڵێك تاوان، کە هەندێکیان تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیە وەك کوشتنی دیل، هەندێکی دیکە تاوانی نەتەوەیین وەك ستایشکردنی سەدام، یاخود هەندێکیان بەشدارییە لە تاوانی جەنگ وەك کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە.. کەچی کاك نەوشیروان لە بری ئەوەی وەڵامی ئەو برگە مێژوویانە بداتەوە، باسی ساڵەکانی کۆتایی نەوەدەکان و سەرەتای دوو هەزار دەکات، کە هیچ برگەیەکی گرنگی لە ژیانی سیاسی کوردستاندا تێدانییەو و دوور و نزیك پەیوەندیان بەتۆمەتەکانی تاڵەبانییەوە نییە، بەڕێز مستەفا بەوە ناسراوە کەسێکە بە بەڵگە وەڵام دەداتەوە، ئێستا پێویستە وەڵامێکی قەناعەت پێکەر بە نەبوونی ڕۆڵی لە هێنانی پاسدار بۆ هەڵەبجە بداتەوە، دیارە پشتیوانی د. فوئاد

مەعسوم و عومەر فەتاح و گۆڤاری لڤین لەسەر زاری ئەندامی سەرکردایەتییەکی ینك لە وتەکانی تاڵەبانی، بە شایەدی زیندوو دێنە ئەژماردن زیاتر پێویستی بە وەڵامدانەوەی جدی دەکات، لە هەموو گرنگتر بەڕێز تاڵەبانی لە پایزی تەمەنیدایە وەڵام نەدانەوە لە کاتی پۆیستدا بە قازانجی مستەفا نییە، دوای ئەو یەك ملیار وەڵام و بەڵگە بە عانەیەك، نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت ئەم سەرکردانەو بارودۆخە سیاسیەکە دەڕۆن، وەلێ هەڵەبجەو دۆسیەکانی وەك خۆی دەمێننەوەو پرسیارەکانیش بەردەوام دەبن.. لە وەڵامی تۆمەتەکانی تاڵەبانی بەڕێزی سەرپێیانە و بێگرنگی پێدان بەو دۆسییە گرنگە ئاوا وەڵام دەداتەوەو دەڵێت: من یەکەم هەواڵەکانی، کە بە من گەیشتوە هی دەستی دوەمە یەعنی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لە دەمی ئەم و ئەوەوە بیستومەتەوە، من خۆم نە لە تەلەفزیۆندا گوێم لێبوە چی باس کردوە و نە بە نوسینیش خوێندومەتەوە چی باس کردوە، ئەوەی کە بیستومە ئەوەیە کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کراوەتەوە ئەوەی کە بیستومە ئەوەیە، کە ئەوانەی لەو پلنیۆمەدا بەشدارییان کردوە بەدەم بۆیان گێڕاومەتەوە و یاخود کەسی سێیەم بۆی گێڕاومەتەوە، لەبەر ئەوە گێڕانەوە شتێکی لەسەر بینا ناکرێت تاوەکو بڵێیت مادە بە مادە خاڵ بەخاڵ و ئیتیهام بە ئیتیهام جوابی بدەمەوە، ئەوە هی یەکەمە هی دوەمیش بەڕاستی من بەلامەوە سەیرە کابرایەك بەشی هەرە زۆری تەمەنی مەسئول بوبێت مەسئولی یەکەمی جوڵانەوەیەکی گەورەی وەکو جوڵانەوەی کورد بوبێت بەم تەمەنەوە بڕوات پاکانە بکات بۆ حیزبی بەعس، پاکانە بکات بۆ سەدام حسێن تاوانی کیمیابارانکردنی شارێکی گەورەی کوردستان، کە ئێستا بوە بە ڕەمز بۆ جوڵانەوەی کورد لەباتی ئەوەی بیخاتە سەر نیزامی بەعسی، بیخاتە سەر ئەوانەی کە ئێستا لە دادگاکاندا مەحکەمە دەکرێن، بیخاتە سەر هاوڕێکانی خۆی من زۆر بەداخەوەم بۆ ئەوە.(( نەوشیروان مستەفا: بەشێك لەهەمواری یاسای هەڵبژاردن بەزیانی کوردە-Tuesday، November 17، 2009 - سازدانی هۆشیار عەبدوڵا)).

دیارە لە جیاتی ئەوەی بەڕێزی بۆخۆی بێت خاڵ بە خاڵ وەڵامی ئەو تۆمەتانە بداتەوە، هەندێك کادیری ڕەوتەکەی ئەو ئەرکە بە ناتەواوی دەگرنە ئەستۆ بێ ئەوەی بەڵگەیەك پێشکەش بکەن!! بە ئارایشت و شێوازێکی دیکە وتەکانی بەڕێزی دوبارە دەکەنەوە، سەرجەمیان ئەوە دەرەخات قسەکردن لەسەر ناڕەوایی هێنانی ئێران حەرامە، یەکێك لەوانە کاك هەڤاڵ کوێستانییە : هەر لەو بەرنامەی تۆمەتبارکردنەی کاک نەوشیرواندا کە باس دێتە سەر کارەساتی هەڵەبجە، هەر بە تۆمەتبارکردنی یەکێتیەوە ناوەستێ و بەڵکو یەکێتی و هێزەکانی دی و هەمو کوردیش لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا خەتابار دەکا و، لەبەرامبەریشدا سەدام و ڕژێمەکەی بێگوناح. بە وتەی مام جەلال بێ، سەدام گوناهی نیە چونکە پێشتر هۆشداری داوەتە هێزە کوردیەکان و پێی وتون (لە هەر چالاکیەکدا پاسدارتان لەگەڵ دابێ، بە کیمیایی لەو جێیە دەدەین ). بە قەولی عەرەبیش (بەخشراوە ئەوەی هۆشداریت دەداتێ ).

((باش بو ئەم ڕاپۆرتەی مام جەلال زۆر دوای دەست پێکردنی دادگایی کردنی سەرانی بەعس هات لە کێشەی هەڵەبجەدا، دەنا دور نەدەبو کە پارێزەرانی تاوانبارانی کەیسی هەڵەبجە، ئەم ڕاپۆرتەی مام جەلالیان، وەک بەڵگەیەکی گرنگ بۆ بێگوناحی تۆمەتباران بەکار هێنابا.))

((جەلال لە هەموان باشتر پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی و هێزەکانی تری ناو بەرەی کوردستانی لەگەڵ پاسداراندا دەزانێ. دەشزانێ زۆر پێش هەڵەبجە، پەیمانی ستراتیژی لە نێوانی یەکێتی و

سوپای پاسدارانی ئێرانیدا ئیمزا کرابو. دەشزانێ هەر لە دوای ئاشتبونەوەی گشتیەوە بەرنامەی کاری هاوبەشی بەرەی کوردستانی لەگەڵ سوپای پاسدارانی ئێرانیدا دەستی پێکردبو. هەر لە ئەنجامی ئەوەشدا بو کە زۆر بەر لە کارەساتی هەڵەبجە، مەفرەزەی پاسداران لە زۆر ناوچەی ژێر دەستی پێشمەرگەدا دەبینران و پلانی هێرشی هاوبەشیان لەگەڵ پێشمەرگەدا بۆ سەر بنکەکانی حوکمەتی عێراقی دادەڕشت. دەشزانێ زۆر پێش هەڵەبجەش، حوکمەتی عێراقی، بە چەکی کیمیاوی لە هاوڵاتیانی چەندین ناوچەی داوە. وەک ناوچەکانی دۆڵی جافەتی و، کانی تو و، شێخ وەسانان و زۆری تریش. خۆ ئەگەر لە ئاکامی ئەنفالەکاندا، هێزی پێشمەرگە لە ناوچە ئازادکراوەکان دەرنەپەڕێندرایەو دواتریش سەدام خۆی گیرۆدەی شەڕی کوێت نەکردایە، ئەوا بە دڵنیاییەوە زۆر ناوچەو شاری تریش بەر هێرشی کیمیایی دەکەوتن)). ((ئەو دیوی ئەو مێژوەی کە مام جەلال باسی دەکا-هەڤاڵ کوێستانی-رۆژنامەی هاوڵاتی)).

لە مێژە قسەکردن لای کاک نەوشیروان بەم شێوەو ئاراستەیە حەرام و بڤەبووە، بەڕێزی هەموو گفتوگۆیەك لەسەر رۆڵی هێنانی ئێران لە پرۆسەی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەو تاوانی ئەنفال بە خزمەتکردنی بەعس زانیووە، قسەکەرانیشی لە ریزی بەعسییەکان داناوە، بە لە کۆڵکردنەوەی تاوانەکە لە ئەستۆی بەعسی زانیووە.

کاك نەوشیروان بەهەمان ئەم ئاوازەی ئێستا کە وەڵامی تاڵەبانی دەداتەوە، بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکی بەسەردا بێت، لە بەرامبەر ڕۆشنبیرانی ڕەخنەگریشدا هەمان ئاوازو ریتمی بەکار هێناوەو وتویەتی :( ئازادکردنی هەڵەبجە بوو بە کارەساتێکی نەتەوەیی ، نەك هیچ گوشارێکی لە سەر شەڕەکانی ئەنفالی سوك نەکرد، بەڵکو خەم و پەژارەی زیاتر کردن و کاری سەلبی کردە سەر ورەیان، لەویش خراپتر بوو بە بیانوو بە دەس تاقمێ داخ لە دڵەوە بۆ ئەوەی سەروەرییەکانی شۆڕشی کوردی پێ بێنرخ و تاوانەکانی دوژمنی پێ بشۆنەوە. هەندێ لەو بەناو (( ڕۆشنبیر!)) و ((کورد پەروەرانە؟)) ئەڵێن :

- ئەگەر یەکێتی ئێرانی نەبردایەتە هەڵەبجە ، سەدام بۆمبارانی کیمیایی نە دەکرد!.
- ئەگەر یەکێتی هاوکاری لە گەڵ ئێران نەکردایە، سەدام گەرمیانی ئەنفال نەدەکرد!.
- خۆ ئەگەر سەرانی یەکێتی دوای ئاشبەتاڵ دەستیان بە شۆڕش نەکردایەتەوە، ئەوا نەکەس دەکوژراو، نە هیچ ئاواییەك تێك ئەدرا، نە هیچ کوردێ زەرەری پێ دەگەیشت!.
- هەر بەم لۆژیکە، ئەگەر مستەفا بارزانی و سەرانی پارتی شۆڕشی ئەیلولیان دەست پێ نەکردایە، ئەوا کوردستان تووشی ئەو هەموو کوژران و وێرانییە نە دەبوو!.

بێگومان ئەمە لە باشترین حاڵەتدا نیشانەی بێهۆشی نەتەوەیی و بەڵگەی نا ڕۆشنبیری ئەوانەیە، لە خراپترین حاڵەتیشدا نیشانەی نا دڵسۆزییانە، چونکە مێژوو وەها نانوسرێتەوەو رووداوەکان وەها هەڵناسەنگێندرێ و ناگێڕدرێتەوە") ((خولانەوە لەناو بازنەدا- نەوشیروان مستەفا – ل147–148 ")).

واتا دوێنێ و ئەمڕۆ قسە و پرسیار کردن لەسەر پرسی هێنانی ئێران بۆ سەر هەڵەبجە لای کاکە نەوشیروان لە حەرامە گەورەکان بووە، بێ ئەوەی خۆی تەفاسیلی پێ بێت بۆ داکۆکی لە ئەنجامدانی ئەو کردە سەربازییەی وەك بەڕێزی بە کارەساتی نەتەوەیی ناوزەدی دەکات، ئاژەڵێك کە دەکوژرێت لێکۆڵینەوە دەکرێت، ئیتر بۆ رەوا نەبێت لێکۆڵینەوە لە شەهیدکردنی شارێك بکرێت؟؟؟ بۆ رەوا نەبێت لەمەدا شەفافیەت هەبێت و زانیارییەکان بۆ کۆمەڵانی خەڵك و کەسوکاری قوربانیان ئاشکرا بکرێن! !.

لە کاتێك کاکە نەوشیروان بەحەرامی دەزانێت قسە لەسەر رۆڵی هێنانی ئێران لە تاوانی هەڵەبجەدا بکرێت، بزانین خۆی سەبارەت بە ئەنفالکردنی **8000** بارزانی چیمان پێ دەڵێت: گیرانی بارزانییەکان ئەوکاتەی ناوچەی حاجی هۆمەران بوو بوو بە مەیدانی گەرمی جەنگی عێراق – ئێران بنەماڵەی بارزانی و سەرانی پدك بە ئاشکرا هاوکارییان لەگەڵ هێزەکانی ئێران ئەکرد دژی جەیشی عێراقی. کۆکردنەوەی دەنگ و باسی عێراق و هێزەکانی و ، چاوساغی و رێبەری هێزەکانی ئێران و ، هێنان و بردنی دیدەوانی تۆپخانەی ئێران ئەمە بەشێکی کەمی ئەو هاوکارییە ئاشکرایە بو. لە هێرشەکانیشدا ئەوان وەکو هێزی یارمەتیدەر و خەریککەر و لێدانی پشتەوە بەشدار ئەبوون.

بەڕێزی بەردەوام دەبێت لەسەر بۆچونەکەی و دەنووسێت: بەشداربونی بنەماڵەی بارزانی و هێزەکانیان لە هێرشەکانی ناوچەی حاجی هۆمەران دا، لە لای صەدام جگە لەوەی بە خیانەتی نیشتمانی دا ئەنرا، <u>بۆ خۆیشی بە خیانەت و دەسبڕین و فێڵ لێکردن ئەژمارد.</u> (( پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، لە دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق **1979–1983** ل**321** ، نەوشیروان مستەفا )).

پرسیارێکی بێوەلام لە کاك نەوشیروان دەکەم، ئەگەر پێی وایە، دیدەوانی و چاوساغی پارتی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران خیانەت و دەستبڕین بێت وەك بەڕێزی ئاماژەی پێدەکات، ئەی گرتنی شارێکی وەك هەڵەبجە و هێنانی سوپایەك بۆ سەر چاڵە نەوتەکانی کەرکوك دەبێت بە هەمان پێوەری بەڕێزی لە خانەی خیانەتی خیانەتەکان نەبێت؟! وابزانم ئەم چەند دێرەی بەڕێزی بەسە لەسەر سفرەکەی دابنرێت بۆ وەلامی خۆی و لە وەلامی پرسیارە زۆرو زەبەنەکانی خەڵکدا. وەلێ تاوانەکەی لەوە زیاترە، کاتێك لە پاش بێسەرو شوێنکردنی **8000** بارزانی و کیمیابارانکردنی شێخ وەسانان و سەردەشت و یەکماڵەو زێوەو .... ئەوجا هەمان تاکتیك دوبارە بکەیتەوە؟؟ قومار بەخەڵکێك بکەیت خۆت لە دوری دەیان و سەدان کیلۆمەتر بیت و یەك بنەماڵەی بەرپرسانی تێدا نەبێت، هێزەکانی خۆشت هەموو ماسکی کیمیاوی لە مل و ئەنترۆپین لە گیرفانیان بێت، شۆڕشێکی نوێی سەیرە ! ! !.

منیش پشتیوانی لە بەشێك لە وتەکانی کاك نەوشیروان دەکەم، لەوەی هێرشی حاجی ئۆمەران سەرچاوەی ئەنفالکردنی **8000** بارزانی بووە، با پێکەوە سەیر بکەین و بزانین سەبارەت بە هێنانی ئێران بۆ حاجی ئۆمەران و ئەنفالکردنی بارزانییەکان لە لایەن پسپۆڕ و بیانییەکان چی وتراوە: ((کوردەکان هەمیشە فورسەتخواز بوون، کاتێکیش جەنگی ئێراق–ئێران دەستیپێکرد، هەردوو حیزبە سەرەکییەکەی کورد بونە هاوپەیمانی ئێران. لە ساڵی **1982** دا یەکێك لەم لایەنە سەرەکیانە (لایەنگری بارزانی) یارمەتی هێزەکانی ئێرانیان دا بۆ گرتنی شارێکی سنوورییی، بە ناوی حاجی هۆمەران. هێزەکانی ئێراق بە شینەیی تۆڵەیان کردەوە نزیکەی **8000** پیاوی کوردی سەر بە خێڵی بارزانیان دەستگیرکرد، لە ناویاندا **315** منداڵ هەبوون، تەمەنیان لە نێوان هەشت و حەڤدە ساڵاندا

بوو. سەدام گوتی :خیانەتیان لە وڵاتەکەیان و لە یاسا کرد، ئێمەش سزایەکی توندمان بۆ بڕینەوە و چوونە بۆ دۆزەخ."– بەشی 3 ئەمەریکا و ئانفال".

((هەردوو ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ و چاودێری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش باس لەم شەڕە هاوبەشەی پارتی و ئێران دەکەن، بەم شێوەیە لەسەر قڕکردنی بە کۆمەڵی بارزانی یەکان دەنووسن : KDP ئەو دەمە یەکێك لە کوڕانی بارزانی، کە مەسعود بوو، سەرکردایەتی دەکرد و هاوپەیمانێتی خۆی لەگەڵ تاراندا زیندوو کردبوەوەو لە ساڵی 1983 دا دەستەکانی KDP یارمەتی هێزەکانی ئێرانیان دا لە گرتنی شارۆچکەی حاجی ئۆمەرانی سەر سنوور .

تۆڵەی ئەمەش خێراو کتوپڕی بوو! لە عەمەلیاتێکی لە ناکاودا بۆ سەر ئەو کۆمەڵگایەی بارزانییە راگوێزراوەکانیان تێدا نیشتەجێ کرابوو، هێزەکانی عێراق لە نێوان پێنج بۆ شەش هەزار نێرینەیان ڕا فڕاند کە تەمەنیان لە دوانزە ساڵ وەبان بوو. ئەوانە جارێکی تر هەرگیز نەبینرانەوە بە زۆری وا پێدەچێت کەوا پاش ئەوەی چەندین مانگ بە دەستبەسەری ماونەتەوە، هەموو کوژراون (( جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە، چاپخانەی خاك – ل53 )) .

((عەمەلیاتی ساڵی 1983 ی بارزانییەکان دەسپێکی ئەو تەکتیکە بوو کە لە مەودوا بە ئەندازەیەکی هێجگار گەورەتر لە سەردەمی پەلاماری ئەنفالدا بەکارهات (( جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد ،وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە، چاپخانەی خاك – ل53 )) .

((یەکەمین تۆمارکردنی هێرش و پەلامارەکانی گاز بە شێوەیەکی ورد و تۆکمە، لە تەموز و ئابی ساڵی1983دا بوو، کاتێك هێزەکانی ئێران و عێراق کەوتنە شەڕێکی سەختەوە لە چیاکانی سەروی حاجی ئۆمەرانەوە، کە شارۆچکەیەکی سەر سنوورە لە کوردستانی عێراقدا، شەڕەکە، بێجگە لە هێرشی وەلفەجر دووی ئێرانی، بەشێوەیەکی سەرەکی مەبەستی دەرپەڕاندنی یاخیبووە کوردە ئێرانیەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان(حدکا)ی سەر بە عەبدالرەحمان قاسملوو بوو، پاشان جێگیربوون لەو شوێنەدا کە یاخیبووان چۆڵیانکردو بۆ ناو عێراق پاشەکشەیان کردبوو، لەم هێرشەدا گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق دایانە پاڵ هێزەکانی ئێران و بەرچاوترینیان (پ.د.ك)ی مەسعود بارزانی بوو، لەگەڵ هەندێ تاقمی تازە پەیدا بووی فەیلەقی بەدر و میلیشیای چەکداری سەر بە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق، کە گروپێکی ئۆپۆزسیۆنی شیعە بوون، ساڵی1982 لەسەر دەستی ئێران دروست بوون و بنکە و بارەگاکانیان لە تاران بوو، لەملاشەوە نەك تەنها (حدکا) پاڵپشتی هێزەکانی ئێراقی دەکرد، بەڵکو ئەو کوردە ئێراقیانەی ناوچەکەش کە ناحەزی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون و بە تایبەتی هێزێکی عەشیرەتی برادۆستی کەوا سەرۆکەکەی کەریم خانی برادۆستی موستەشار بوو، دواتر سەددام چەندین جار مەدالیای ئازایەتی پێ بەخشی (کارێکی ژەهراوی–یۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق–کۆمپانیای ئاوێنەل38–39))).

((پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستان، بەجارێ عێراقییەکانی نیگەران کردبوو، لەپاش هەرەسهێنانی شۆڕشی بارزانی لە ساڵی1975دا، سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان (کە لە مەلا مستەفاوە چووبووە لای ئیدریس و مەسعودی کوڕی) بە ئاوارەیی لە ئێران دەژیا، دەستدرێژی عێراق، هیوای بە (پ.د.ك) پەیدا کردەوەو لە ساڵی1983 دا پاڵپشتییەکی چالاکانەی شەڕی هێزەکانی ئێرانی دەکرد وەك ڕێنماو شارەزایی زانیاری تەواوی بارزانیەکان، بە تایبەت لەسەر ناوچەی عەشیرەتی برادۆستی کە هاوسنوور بوون لە گەڵیان، یارمەتییەکی گەورەبوو بۆ ئێرانییەکان، کە توانیان لە کۆتایی تەمووزدا حاجی ئۆمەران و دەوروپشتی بگرن، کوردۆسمان واگنەر راپۆرتی ئەوە دەدەن کەوا ئێرانییەکان لەو کاتەدا نزیکەی دە میل هاتوونەتە ناو خاکی عێراقەوەو "سەربازگەی حاجی ئۆمەرانی سەر بە فەیلەقی یەك، بەرزاییە سەرەکییەکان و بنکەکانی تۆپخانە لە ناوچەکەدا، نزیکەی 43 گوندی کوردنشین، بنکەیەکی سەرەکی حدکا و زۆربەی کەلوپەل و تفاقی جەنگیی حدکایان گرت " کارێکی ژەهراوی–یۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق–کۆمپانیای ئاوێنەل39 )).

((رووداوەکانی حاجی ئۆمەران سێ دەرەنجامی گرنگی لێکەوتەوە، بۆ سزادانی (پدك) لەبەر ئاسانکاریی کردنی بۆ سەرکەوتنی ئێرانیەکان لە حاجی ئۆمەراندا، رژێمی بەعس تەواوی نێرینەی سەر بە عەشیرەتی بارزانی ڕاپێچکرد، کە زۆریان لە پاش هەرەسی ساڵی 1975ی شۆڕشی بارزانیەوە ناچاری نیشتەجێی کۆمەڵگاکانی دەورو پشتی هەولێر کرابوون، لە30 تەموزدا لە نێوان 5000 تا 8000 پیاوی بارزانی، کە ژمارەی راستەقینەیان بە تەواوی نازانرێت– گیران و ڕاپێچکران و هەرگیز جارێکی دیکە نەبینرانەوە، دوو مانگ دوایی سەدام  حوسێن لە وتاردانێکدا بێ سێ و دوو وتی:" ئەوانەی خیانەتیان بە نیشتمان و پەیمان کرد و ئێمە بە سزای سەختمان گەیاندن و رەوانەی دۆزەخمان کرد". ئەم تۆڵە سەندنەوەیە، بۆ ئاگادارکردنەوەیەکی هاوشێوەی میتۆد و ئەنجامی شاڵاوی ئەنفالی ساڵی 1988ی تێدا بوو، کوشتاری بارزانیەکان بۆ ڕژێم ڕۆڵی راهێنان و خۆ ئامادەکردنیبینی بۆ کوردیش خۆی تامکردن و چەشنێکی بچووك بوو بۆ ئەوەی کە دواتر روویدا. ل41–42 )). ((حاجی ئۆمەران بوو بە وەچەرخان بۆ ئێراق لێرەوە بوو بە کیمیا وەشێن- کارێکی ژەهراوی–یۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق–کۆمپانیای ئاوێنە ل42)).

خولاسەی ئەم برگەیە بە یەك پرسیار کۆتایی پێ دەهێنم: ئەگەر هەڵەبجە و ئەنفال ئەنجام نەدرایە؟ ئێستا هەموو ئۆباڵی ئەنفالکردنی 8000 بارزانی، ناخرایە ئەستۆی پارتی و بارزانی؟؟ تۆمەتی ڕێکەوتن لەگەڵ بەعس بۆ پاکردنەوەی عەشیرەتی بارزانی لەنەیارانی نادرایە پاڵ سەرکردەکانی؟ ئێستا هەموومان شایەدمانمان بۆ ئەو برگە نووسینەی کاك نەوشیروان نەدەبرد لەسەر ڕۆڵی ئێران لە کردەی جینۆسایدی بارزانیەکان؟.

منیش دەڵێم ڕۆڵی هێنانی ئێران و چاوساغیکردن بۆی چۆن بووە لە هەڵەبجە و ئەنفال؟ بە هەمان شێوەش لە شوێن بزرکردنی 8000 بارزانیدا، ئەمانەسێ تاوانن لە سێ پرۆسەی جیاجیای هاوشێوەو هاو هۆکاری وەك یەکدا

ئەنجامدراون، خەڵکەکەی بوونە بە قوربانی هەڵەیەکی سیاسی و قوربانی دەست ڕژێمێکی دڕندەی فاشی بوونە، باسکردنی هەڵەکان لە دڕندەیی فاشیەکان کەمناکاتەوە.

## جیهان و ئێران لە کاتی جەنگدا

هەموو لامان روونە لەسەروبەندی شەڕی عێراق –ئێران دا بە ئێستاکەیشەوە، بە هۆی سیاسەتی پان ئیسلامیستی کۆماری ئیسلامی ئێران، زۆربەی وڵاتانی کاریگەری جیهان لە بەرەی ئێراقدا بوون، چەك و تەقەمەنی و پارە و قەرزو کیمیاوی و زانیاری سیخوڕی و هتد.....بیان پێ دەدا، شاڵاوی هێرشە مرۆییەکانی ئێران نەیانتوانی سەرکەوتنی سەربازی بۆ مسۆگەر بکەن، بگرە لە کۆتاییدا خومەینی ناچار بوو پیاڵە ژەهرەکە بنۆشێت و شکستی خۆی لە شەڕدا ڕابگەیەنێت، لەم هاوکێشە سیاسییە لایەنە کوردییەکان (ینك، پدك، حسك، بزووتنەوە) هاوپەیمانی سەربازی لەگەڵ ئێران واژۆ دەکەن و کوردستان تێکەڵ بە بەرداشی ئەو شەڕە دۆڕاوە دەکەن، دیارە دۆڕاو هاوپەیمانەکەشی لە گەڵیدا دەدۆڕێت، لەملاشەوە گلەیی و گازندە دەکەن کە جیهان بێ هەڵوێست بووە، لەکاتێکدا سەنگەرەکەی خۆیان باس ناکەن، کە چۆن میللەتیان گورگان خواردی کرد.

بنواڕن ئەمە چەند نموونەیەکی بچووکە لە گوزارشتی لایەنگری ڕۆژئاواو و ڕۆژهەڵات لە ڕژێمی ئێراقی لە میانی شەڕەکەیدا، بەم شێوەیە لایەنی کوردی، (گەل)یان تێکەڵ بە شەڕێك کرد ئەنجامەکەی پێشتر زانرا بوو:

((هۆخلاند لە درێژەی نوسینەکەیدا دەڵێت: ئێستا بەغدا پەیوەندیەکانی لەگەڵ سۆڤیەتدا بەلادا داوە و لەگەڵ واشنتۆن پەیوەندی باشە. واشنتۆنیش ئەوەندە نارەحەت نابێت بەبینینی کێشەکان لە کوردستان. راپۆرتەکانی ساڵی رابوردو لەسەر لەناوبردنی گوندی کوردەکان وبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن عێراقیەکانەوە دژ بە خەڵکی سیڤیلی کوردی بونە هۆکار تا مولحەقی سەربازی سەفارەتی ئەمرکا بچێت سەیرێکی ئەو ناوچانە بکات. کە گەڕاوەتەوە بە دیبلۆماسەکانی تری وتوە کە گوندی روخێنراوی بینیوە، بەڵام بە رۆژنامەگەرەکانی وت کە شتی وای نەدیوە.))

((بۆ ئەمریکا کاتی ئەوە نەبو لە عێراقی توند بکات، بەڵکو ئەمریکا چەپڵەی بۆ سەرۆکی عێراق سەدام حسێن لێدا کاتێك ئەم داوای لێبوردنی کرد لەمەر "روداوی هەڵە تراجیدیایەی کە یەکێك لە فڕۆکەکانی سەدام موشەکێکی ئێکسۆسیت لە یەکێك لە پاپۆرەکانی ئەمریکا دەدات و37 ئەمریکی دەکوژێت".))

((دۆستەکانی عێراق لە سۆڤیەت و رۆژئاوا ئەوەندەی مەترسی سەرکەوتنی ئێرانیان هەیە کێشەیەکی وایان نیە لەگەڵ بەکارهێنانی چەکێك کە بە موعاهەدەی جنێف قەدەغە کراوە.)) کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: چیا عباس - رۆتەردام 2009/11/23 - هەڵەبجە و راستەیەکان لەچەند لاپەرەیەکی مێژودا)).

(( له واشنتۆنیش، ریچارد مێرفیی یاریدەدەری وەزیری دەرەوە یەك لە پاڵپشتانی سەرەکی بۆچۆنیی جیۆ ستراتیجی، بەپەلە داوای کۆششێکی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی کرد کە "دەبێ پشتگیریی بەرگریی عێراق بکرێت لە روی سایکۆلۆجی و سەربازییەوە و فشار بخرێتە سەر ئێران پشوویەك بە جەنگ بدات یان کۆتایی پێبێنێت " کارێکی ژەهراوی– یۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق– کۆمپانیای ئاوێنە.ل100.")).

(( 5 وڵاتی ئەندامی هەمیشەیی ئەندامی ئەنجومەنی هەمیشەیی نەتەوەیەکگرتووەکان، بە سۆڤیەت و ئامەریکاوە، جگە لە چین کە بە بێلایەنی مانەوە هەموو پشتیوانیان لە ئێراق دەکرد" ل17.کارێکی ژەهراوی– یۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق– کۆمپانیای ئاوێنە)).

((ئیدارەی ریگان لەترسی ئەوەی نەوەك عیراق لەشەڕی عیراق - ئێراندا بدۆڕێت بەئەنقەست ویستی بەرپرسیارێتی هەڵەبجە بشارێتەوە بەوەی رایگەیاند گومانی هەیە لەوەی بەرپرسیاریەتی بەکارهێنانی گازی کیمیاوی لەهەڵەبجە بەسەر عیراق و ئێراندا دابەش بووەو هەردوولا لەوکارەدا رۆڵیان هەبووە، بەڵام جەنگی عیراق و ئێران لە مانگی ئابی 1988کۆتایی هات، هەر پێنج رۆژ دوای ئەوە سەدام حسێن بەچەکی کیمیاوی هێرشی کردە سە ر 48 گوندی پارێزگای دهۆك کە ماوەی 200 میل لەئێرانەوە دوورن - پیتەر گالبرێس- عەلی کیمیاوی" بەتەنیا نەبوو- لە عەرەبییەوە: خالید رەسوڵ)).

(گالبرێس: جەختی لە ئەوە دەکردەوە کە وێرای دڕندەیی حکومەتی بەغدا، ئەمەریکا ناتوانێت رێگە بدات کە عێراق لەو جەنگەدا بدۆڕێت ( ئامەریکا و ئەنفال – نووسینی سەمانسا پاوەر – و.بەختیار کەریم – دەنگەکان 29–8–2006).

(مافی مرۆڤ و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بە رێی خۆیان لە زۆر لایەنەوە بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووریەکانمان لەگەڵ ئەوانەی ئێراقدا هاوتەریبن " لە یاداشتێکی نهێنی ئەمەریکیدا نووسراوە""بەشی 15 ئامەریکا و ئەنفال". (ئەنفال و ئامەریکا– سەمانسا پاوەر– و.بەختیار کەریم– بەشی 21 "کۆتایی"24–9–2006 دەنگەکان ).

کە ئەمەیان کردووە، بۆ خۆشیان هەڵەی هاوپەیمانیەتیەکەیان زانیووە: (( فەرەیدون دەگێڕێتەوە کە " لێرە بە دواوە پەیوەندیمان زۆر کۆك بوو، بەڵام کاتێك گەڕاینەوە بۆ بنکەکانمان لە دۆڵی جافایەتی، بە یەکترمان دەوت: بەڕاستی کورد بەد بەختە، هەموو دنیا پشتی عێراق دەگرێت لە دژی ئێران، کەچی ئێستا ئێمە بڕیارمان داوە پشتی ئێران بگرین لە دژی عێراق) کارێکی ژەهراوی– یۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق– کۆمپانیای ئاوێنە ل123–124".

## ئێران و هەڵەبجە

هەندێك لە سیاسییەكان و نووسەرانی سەر بەوان، بە تایبەت ئەوانەی سەروكارێكیان لەگەڵ ئەو تاكتیكە سیاسییە سەربازییە هەبووە، پێیان وایە ئێرانیش هێرشی نەكردایە بۆ هەڵەبجە هەر دەكەوتە بەر شالآوی چەكی كیمیاوی! پشكێكی كەش كە خۆیان جەرگیان نەسوتاوەو زیانیان نەبینیوە پێیان وایە كیمیابارانكردنی هەڵەبجە بە خێر بۆ كورد كەوتەوە،هەڵەبجە بووە دوكانێك ئێستاش هەر بۆی دەبارێت، ئاخر هەڵەبجە بووە باشترین بەهانە بە دەست بۆش و بلێرەوە بۆ لێدانی ئێراق و روخانی سەدام، هەرچەندە لەو كاتی خۆیدا چاویان لە ئاست نوقاندو هاوكاری سەدامیان كرد.

وەلێ هیچ مێژوو نووسێكی راستگۆ، توێژەرێكی بە ویژدان، هاوولاتییەكی بە جورئەت شك نابەیت رایەڵەیەك نەبینێتەوە لە نێوان هاتنی ئێران و تاوانی كیمیابارانكردنی شاری هەڵەبجە.. جا بابزانین سەركردەكان و پسپۆران لەو بارەیەوە چی دەڵێن:

((بە پێی قسەی نەوشیروان مستەفا ئەمینی جێگیری تاڵەبانی (لە چاوپێكەوتنێكی ساڵی1983دا)، تاریق عەزیز بە سەركردە كوردەكانی ڕاگەیاندووە (ئەگەر ئێوە یارمەتیمان بدەن هەرگیز لە بیری ناكەین، بەڵام ئەگەر لە دژمان بووەستنەوە ئەوەش هەرگیز لە یاد ناكەین و پاش ئەوەی جەنگ كۆتایی دێت، تێكتان دەشكێنین و هەموو گوندەكان بە تەواویی خاپوور دەكەین )) ( كارێكی ژەهراوی-پۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق- كۆمپانیای ئاوێنە-ل119 ).

((لە ناوەڕاستی مانگی سێی ساڵی 1988 دا، هێزێكی هاوبەشی كوردی- ئێرانی هێزەكانی ئێراقیان لە هەڵەبجە دەرپەڕاند. بە شەوێك هێزەكانی ئێران جێگەی هێزەكانی ئێراقیان پڕكردەوە. دانیشتوانی سڤیلی هەڵەبجە، كە لەو سەر سنووورە ببوونە داشی دامە لە ململانێی نێوان ئێراق و ئێراندا، بەو پێشهاتە سامناكە زەندەقیان چوو ...... .

گاز لە درزی كونەكانەوە چووە ناو مەلجەئەكانەوە مەرگی باراند بەسەر خەڵكی شاردا ......مردوو، شێت، گێژ، كەڤ سپی" ئەمەریكا و ئەنفال، سەمانسا پاوەر، بەشی چوار - بەختیار كەریم "

((هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر هەڵەبجە، لە مانگی كۆتایی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق هات، هەڵەبجە پێشمەرگەی لێبوو، ئەو پێشمەرگانەش پەیوەندییان هەبوو بە تارانەوە، زۆربەی كوردەكان پێیان وایە ئەو هێرشانەی رژێمی سەددام لە ئاكامی ئەو پەیوەندییانە بوو (رادیۆی دەنگی ئەمەریكا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بابان، مارگریت بەشیر، دادگاییكردنی سەددام........، هەولێر پۆست ژمارە 65، 19-7-2006) .

((تۆڵەکردنەوەی دڵڕەقانەی عێراق  دەرەنجامێکی چاوەڕوانکراوی گرتنی سەرکەشانەی هەڵەبجە بوو لە لایەن ئێران و کوردەوە، بەوپێیە دەبوایە ئەو ئۆپەراسیۆنە هەرگیز جێبەجێنەکرایە– ل142 کارێکی ژەهراوی–یۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق– کۆمپانیای ئاوێنە)).

گۆڤاری (گینس) کە ساڵانە بە دەیان زمانی زیندووی جیهان دەیان ملیۆن دانەی لیٚ چاپ دەکرێت و بە هەموو دونیادا بڵاوە کرێتەوە، پێی وایە تاوانی هەڵەبجە لە ئەنجامی پەلاماری ئێران لە شەڕی عێراق –ئێران ئەنجامدراوە، کە لە ساڵی2007 هەڵەبجەی وەك یەکەم شاری قوربانی چەکی کیمیاوی بردە فەرهەنگەکەیەوە.




((میدل ئێست ۆچ و چاودێری مافی مرۆڤ : چەکدارانی بزووتنەوەی ئیسلامی عێراقی بە بۆنەی سەرکەوتنەوە شایی و هەڵپەڕکێیان لەبەردەم بارەگای ئەمن و ئیستخبارات دا ساز دابوو کە بۆخۆیان داگیریان کردبوو، بەڵام خەڵکی شار بە گشتی لە چاوەڕوانیی بەڵاو مەترسییەکی گەورەدا بوون، بە تایبەتی کەوا لە ماوەی 15 مارت دا فەرمان بە کارمەندانی فەرمانگەکان درا چۆڵی بکەن و بگوێزنەوە– جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە، چاپخانەی خاك– ل207 ).




**مام عەبدوالخالق ئەو پیاوەی کاریگەرترین شایەدی کیمیابارانەکەی هەڵەبجەیە فلیمەکەی لەناو تەرمی قوربانیان بە هەموو جیهان بڵاو بوەوە، لە یەکەم چرکە ساتی کیمیابارانەکە، هاتنی ئێران بۆ هەڵەبجە بە هۆکاری ئەو کیمیابارانە دەزانێت، بەڕێزی دەڵێت: ((ئەگەر ئێران نەهاتایە و ئەو هجومەی نەکردایەتە سەر هەڵەبجە، سەدامیش ئەم کیمیاییەی بەسەر ئێمەدا نەدەباراند، ئا ئاوای لێکردین، بەڵام ئەو قسەیەم پێشان نادات تەنها رەسمەکەم پێشان دەدات، دەنگە دەنگێکی زۆرمان بوو لەگەڵ رۆژنامەوانەکان و پاسدارەکاندا، ئیتر ئەوانیش وتیان وازی لێبێنن با بڕوا بۆچی بمێنێ)).**

**شەهید ڕێباز زۆر راستگۆیانە دەستنیشانی هۆکارەکانی قڕکردن و ئەنفالکردنی گەلەکەمان دەکات ، دەیباتەوە سەر ئەم هۆکارانە:**

***1– سروشتی دڕندانەی بەعس .***

***2– هاوکاری هەندێك حیزب لەگەڵ ئێران.***

***3– چالاکی هاوبەش لەگەڵ ئێران و کردنی کوردستان بە بەرەی شەڕی عێراق – ئێران.***

***4– کاروکردەوەی هەندێك لە لێپرسراوان لە قەبەکردنی زیانەکان.***

**"ئەنفال و پەرتووکی قەندیل بەغدای هەژاند– ڕۆژنامەی ڕزگاری پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ژمارە 31 ئایاری 1996– عەلی مەحمود محەمەد" )) .**

**خالید خولە سوور ، مستەشاری کۆن دەڵێت: (( ئەوەی کە هات ئەنفالی دروست کرد، سوتاندنی نەوتەکەی کەرکوك بوو، تەیارە بوو کە لە سەرگەڵو دەنیشتەوە، قەرەداغ بوو کە کرا بە بنکەی پاسدار (( ئاوێنە ژمارە 40)) .**

((زەكريا محەمەد حەسەن : هەواڵەكانی سەركەوتنەكانی هێزە چەكدارەكانمان و فەوجەكانی بەرگری نیشتمانی بوون بەسەر بەكرێگیراوانی ئێرانیدا...؟. (موستەشارەكان- مەحمود سەنگاوی-ئاوێنە ژمارە 38-سێشەممە 26-9-2006).

((قادر عەزیز : بە پەیوەندی و هاوكاری سۆسیالست لەگەڵ پاسدار رازی نەبووین بۆیە لێیان جیابووینەوە ((میدیا ژمارە 280 ، 6-3-2007 )) .

لە كاتی پرۆسەی دادگایی ئەنفالدا لە راگەیاندنەكانی جیهانەوە لە سەر زاری تۆمەتبارانەوە ئەم رستانە بڵاوكرانەوە: ((حسین تكریتی : بریاری لێدان بە چەكی كیمیاوی لە نەزار خەزرەجییەوە دەرچوو)) (نزار خەزرەجی بریاری بۆردومانی هەڵەبجەی دا- متهمون یفخرون بمواجهه العدو الایرانی، د.اسامه مهدی، 21-12-2006 ایلاف)). ((ینك و پدك و بزووتنەوە، نامەی بێتاوانیان بۆ دادگای دانمارك نووسی، كاك نەوشیروانیش ئامادە نەبوو شایەدی لەسەر نزار خەزرەجی بدات، لەگەڵ سكاڵا كردن نەبوو لە دژی خەزرەجی و هاوكاری دادگای نەكرد!)).

تۆمەتبارانی ئەنفال وەك لە دادگا رایانگەیاند و پێیان وایە ((جێبەجێكردنی بریارە سەربازییەكان لە كاتێكدا وڵات لە بەردەم هەرەشەی ئێرا بوو)). ((تاوانباران شانازییان دەكرد بەوەی بەرامبەریان لە دوژمنكاری ئێران گرتووە كە دەیەویست ئێراق داگیر بكات)) ((بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی لە شاری هەڵەبجە گرێدراوە بە پشتگیری كوردەكان لە وڵاتی ئێران لە جەنگی ئێراق و ئێران)).

((لەبەشێكی تری وتەكەیدا عەلی كیمیایی ئەوەی رەتنەكردەوە كە بەرپرس بووە لە دەركردنی بریاری هەڵمەتەكانی راگواستنی زۆرەملێ لە سەرجەم ناوچەكانی كوردستاندا، ئاماژەی بەوەشدا كە تاوانبار نزار خەزرەجی داوای لێكردووە كە 30 هەزار سەرباز ئامادە بكات بۆ ئازادكردنی شاری هەڵەبجە لە ژێر دەستی سوپای ئێراندا (بەوتەی ناوبراو لەوسەردەمەدا سوپای ئێران دەستی بەسەر هەڵەبجەدا گرتووە- 19یەمین دانیشتنی دادگاییكردنی تۆمەتباران لەسەر كەیسی هەڵەبجە دەستپێكردەوە- PUKmedia 2009/06/16 20:35 )).

تاوانبارانی ئەنفال سەرجەم پێیان وابووە كە ئەوان لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا شەری ئێرانیان كردووە، دەیانەویست خاكی ئێراق داگیر بكات، ئەوان فەرمانی سەربازیان بە جێگەیاندووە، نەیانكردایە ئیعدام دەكران، عەلی حەسەن مەجید دەڵێت: ئێران بە ئەندازەی خاكی لوبنانی داگیركردبوو، فەرموون لە گەڵ وتەكانیان:

(أكد المتهمون في قضية الأنفال حول إبادة مواطنين أكراد عراقيين، أنهم لم يهدفوا أو يتعمدوا إيذاء أي مدني كردي، وإنما كانوا ينفذون أوامر عسكرية عليا ضد عدو خارجي، بعد أن احتلت إيران أراض عراقية شاسعة، موضحين أن عدم تنفيذهم لهذه الأوامر، والبلاد في حالة حرب كان سيقودهم إلى الإعدام، مشددين على براءتهم من ارتكاب جرائم إبادة جماعية أو جرائم حرب...

وقد ركز المتهمون العسكريون الخمسة السابقون على أنهم كانوا ينفذون أوامر عسكرية عليا، في زمن كانت تخوض فيه البلاد حالة حرب ضد عدو خارجي هو إيران التي احتلت أراض عراقية شاسعة. وأكد المتهمون أنهم لم يشاركوا بأي جرائم إبادة جماعية أو جرائم حرب، وإنما كانوا يتصدون للقوات الايرانية المهاجمة التي اشترك معها حرس خميني وقوات البيشمركة الكردية- المتهمون في محكمة الأنفال: نفذنا أوامر عسكرية بالتصدي لعدوان إيراني- د.أسامة مهدي -10-5-2007).

((وقال علي حسن المجيد: «الحمد لله ما حدث في كردستان عامي 1987 و1988 جاء بعد غزو الايرانيين للعراق واحتلال مساحة منه تساوي مساحة لبنان، لذا كان على الدولة ان تفعل ما فعلته». ويشير علي حسن المجيد هنا الى الحرب العراقية الايرانية التي انتهت عام 1988، وهي الحرب التي تحالف قوات البيشمركة الكردية خلالها مع قوات ايرانية ضد العراق.- محاكمة الأنفال.. تراجع الاهتمام بعد إعدام صدام -بغداد: جون بيرنز *-* خدمة «نيويورك تايمز»الشرق الاوسط).


004922


004921


004921

## ئەوانەی واژۆی بڕیاری لێدانی هەڵەبجەیان کرد، کێ بوون؟



**وازۆکردنی پەیماننامەی بۆ گرتنی شاری هەڵەبجە، لە جێبەجێکردنی رۆڵی زیاترە، ئەگەر ئەو پەیماننامەیە رێکەوتنی لەسەر نەکرابا، ئەوا جێبەجێ نەدەکرا.**

**ئەوانەی واژۆی پەلاماری هەڵەبجەیان کرد لەگەڵ ئێران، بە پێی زانیارییە وردەکانی بۆست هلتەرمان ئەمانەی خوارەوەن: بابەکر زێباری لە پدك، شێروان شێروەندی لە حسك، فەرەیدون عەبدوالقادر لە ینك، مەلا عەلی عەبدوالعەزیز لە بزووتنەوەی ئیسلامی، عەلی مەولانی لە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق، لە ئێرانیش موحسین رەزائی، بە پێی وتەی کاکە حەمە لە7–3–1988 بڕیاری گرتنی هەڵەبجە لە لایەن ئەوانەوە درا– کارێکی ژەهراوی– پۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق– کۆمپانیای ئاوێنە ل148–149 .**

**جگە لە مەلا عەلی ئەوانەی دیکە هەموو لە ژیاندا ماون، جێی خۆیەتی لێکۆڵینەوەی ورد لەگەڵ ئەوانیشدا بکرێت و زانیاری رونکردنەوە بدەن لەسەر ئەو رێککەوتنامەیە.**

ئەبێت کە حیزبە کوردییەکان داوایانکردوون، ئێران ئامانجی خۆی پێکا، بەوتەی دوو بەرپرسی (یەکێتی، حسک) هەر قۆڵێکی هێرشکردنی سپارد بە حیزبێک، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. بەرزاییەکانی مڵەخورد بەرەو گوندی زەڵمو ئەحمەدئاواو باڵانپێو هانەی قوڵو خورماڵ) بۆ پارتی.

٢. تەویڵەو بیارە لە قۆڵێکو گوندەکانی (هەوارە کۆنو هاوارو شاخی شنرویێو تاوێرەو عەبابەیلێ بەرەو هەڵەبجەو سیروان) بۆ یەکێتی.

٣. چیای سورێنو شیرەمەڕ بەرەو گوندی ئەدەفەرەیو گرتنی پردی زەڵم بۆ رێگرتن لە ئیمداداتی رژێم، بۆ سۆسیالست.

٤. هاریکاریی لوجێستیو گوندەکانی بۆینو چنارەو گردەنازێو پریس بەرەو بەکراواو سیروان بۆ بزوتنەوەی ئیسلامی.

شایەنی باسە لەگەڵ هەر بەرپرسێکی کورد (سێ ئەفسەر)ی پلەداری ئێرانو لەگەڵ هەر هێزێکی کوردیدا ٢٠٠ تا ٣٠٠ پاسدارو فەیلەقی ٩ی بەدریان لەگەڵ بووە، بڕیاردرا رۆژی ١٩٨٨/٣/١٠ هێرشەکە دەستپێبکات.

دانیشتنی کرماشان:

بە مەبەستی تەنسیقکردنو پلاندانانو دابەشکردنی قۆڵەکانی شەڕو هێرشکردن بۆ هەڵەبجە، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی سەرجەم لایەنە کوردییەکانو نوێنەری مەجلیسی ئەعلاو بەسەرپەرشتیی ئێران کۆبوونەوەی کرماشان سازکرا، لەو کۆبوونەوەدا بۆ رازیکردنی هێزە کوردییەکان چەند خاڵێک تاوتوێکران، گرنگترینیان:

١. ئەو ناوچە کوردییانەی رزگاردەکرێن بدرێنە دەست هێزە کوردییەکان.

٢. زامنکردنی خواردنو سوتەمەنی بۆ ناوچە رزگارکراوەکان لەلایەن ئێرانەوە.

٣. شەهیدانە بۆ بنەماڵەی شەهیدانو چارەسەری بریندارەکان.

٤. کارەبا لە شاری پاوەوە ببرێت بۆ هەڵەبجەو دەوروبەری.

٥. ئاوەدانکردنەوەی گوندە راگوێزراوەکان.

٦. دیلە عەرەبەکان بدرێنە دەست ئێرانو مەجلیسی ئەعلاو دیلە کوردییەکانیش بدرێنە دەست هێزە کوردییەکان.

٧. چەکی قورس بۆ ئێران چەکی سووک بۆ هێزە کوردییەکان.

٨. کۆماری ئیسلامیی ئێران بەبێ بزافی کوردی جەنگ رانەگرێت.

**هەرچەندە مەلا عەلی لەو کۆبونەوەیە بەشدارە وەك نوێنەری بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی ئێراق، وەلێ بزووتنەوە زۆر جار شانی خۆیان لەبەر زیانەکە دەردەکەن، شایی و هەڵپەڕکێ و ئەڵاهو ئەکبەری چرکە ساتەکانی یەکەمی گرتنی هەڵەبجە لە بیرەکەن، هەموو بەڵگەشیان ئەم نامەیەی خوارەوەی کۆچکردوو مەلا عوسمانە:**



واهلها .

و سنحت الفرصة ليلة الا ربعاء ١٦ ـ ٣ ـ ١٩٨٨ ( وبالدقة فى الساعة ٧٣ ، ٢٠ دقيقة مساء ) بدأ هجوم القوات الايرانية ومعها قوات المعارضة العراقية من محاور ثلاثة : مريوان ، پاوه ، جنوب دربنديخان .

ووصل المسلحون مدينة خورمال ثم هاجموا طريق حلبجة ـ سيد صادق و دمروا جسر ( دجيلة ) الذى يربط حلبجة بالسليمانية ، فقطعوا طريق انسحاب البعثيين ومواليهم من حلبجة .. ثم اقتحموا المدينة التي لم يجدوا فيها مقاومة تذكر ، ولم يكن معهم يومها مجاهدو الحركة الاسلامية لانهم لم يؤييدوا ( تحرير ) المدينة اصلاًكما ورد ذلك فى رسالة الشيخ عثمان بن عبدالعزيز المرشد العام للحركة . انظر وثيقة رقم ( ٧ ) .وكما ذكر ذلك الشيخ علي بن عبدالعزيز الذي كان يشغل يومها مهام مسؤولية المكتب العسكرى للحركة الاسلامية ( انظر الرسالة فى ص ١٢ ) و دخلت قوات الحركة فيما بعد استجابة لطلب المواطنين و حماية لامن السكان و منعا للسلب والنهب .

و ( تحررت ) المدينة .. و تم اسر الجيش بما فيه ( على حسين عبيد امرلواء ٤٣ مشاة الذي قاد حملته الشرسة على المواطنين عند انتفاضة رمضان ١٤٠٧م ) و كذلك تم اسرالجحوش ( مليشيا ) الموالية للنظام . وسكتت المدافع وانتهى دوي المتفجرات .

ثم خرجت القوات الايرانية من المدينة...

وسادالهدوء النسبي .

وبدأ بعض الناس يزاولون اعمالهم اليومية كما كانوا .. ولكن بحذر شديد .

ووقعت الكارثة :

بما ان الاكراد لهم تجارب طويلة و مريرة مع البعث المجرم علموا أنه لابد وان الدولة ستضرب المدينة ( بحجة ردالعدوان الايرانى ) ولكن الناس ظنوا انها ستضرب المدينة بصواريخ او مدافع أو بطائرات كما كانت المرات السابقة ( ٢٨ ـ ٤ ـ ١٩٧٤ ، و ١٢ ـ ٥ ١٩٨٧ ) وظن بعض الناس انها ستضرب المدينة بصواريخ ( ارض ـ ارض ) كما هى الحال مع المدن الايرانية .. لذاحاول كثيرون منهم الخروج من المدينة ولكن بعض الذين ساهموا فى اقتحام المدينة منعوا الناس من الخروج و اعادوهم الى احيائهم وبيوتهم ليتترس بهم المقاتلون حيث ظنوا هم ايضا ان صداما لن يضرب المدينة و فيها المواطنون الابرياء .. ولكن خاب ظنهم وساء ماكانوا يعملون ..

واذا فى الساعة العاشرة واربعين دقيقة صباح ١٦ ـ ٣ ـ ١٩٨٨ وصلت طائرات

(٨)

بسم الله الرحمن الرحيم

سنندج

٢٤ / رجب . ٢١ / ٣ / ١٩٨٨

الاخ العزيز الشيخ علي ..تحياتي ودعواتي لجميع الاخوة المجاهدين خصوصاً أخي الشيخ أحمد .بالنسبة للمشاركة في الهجوم على حلبجة ، كتبت لكم امس . بهذا الخصوص وها انا اكتب لكم مرة اخرى واقول : لاتقدموا على هذا العمل ولا تشاركوا فيه ، وانا اتحمل مسؤولية عدم المشاركة فيه عند الايرانيين وعند الاخرين ، وقل لبقية الاخوة بان المشاركة فيه آثارها غير طيبة ، ولها عواقب غير محمودة ، نعم السيطرة على حلبجة سهلة جداً ولكنكم تعرفون كيف حزب البعث الكافر ، وكم هو حاقد على حلبجة ولا نشك بانه سيضربها بكافة انواع الاسلحة ويدمرها ، نحن كنا نحاول باستمرار مع ايران للحفاظ على حلبجة من القصف المدفعي . لان حلبجة والمناطق المحيطة بها هي مركز قوتنا ، فاذا دمرت فماذا يكون دورنا اذاً ؟ .

وبالاضافة الى هذه الرسالة سيتحدث اليكم الشيخ عبد اللطيف ويبلغكم باننا لن نشارك في هذا الهجوم باي شكل من الاشكال .

واكرر مرة اخرى باننا يجب ان لا نشارك فيه وانني اتحمل كل مسؤوليات عدم المشاركة ..

استودعكم الله والسلام عليكم

اخوكم

عثمان عبدالعزيز

وثيقة رقم (٧)

(٧٢)

لێ کاک نەوشیروان مستەفا، بە پێچەوانەی هاشاکردنی برادەرانی بزووتنەوەو خۆ دزینەوەی هەندێك لایەن لە بەشداری و رۆڵیان لە هێرشەکە، ئەو هێزانەی بەشداربوونە لە داستانی رزگاری هەڵەبجە ئاوا ریزبەندیان دەکات : هێزە کوردی یەکان : یەکێتی، پارتی، حسك، بزووتنەوەی ئیسلامی هێزی سەرەکی رزگارکردنی هەڵەبجە بوون ((خولانەوە لەناو بازنەدا – نەوشیروان مستەفا ل146 )).

گۆڤاری لڤینیش بەم شێوەیە ریزبەندی ئەو لایەنانە دەکات: (ئێران کۆبونەوەی تارانی لەگەڵ پارتی، یەکێتی، بزوتنەوەی ئیسلامی، سۆسیالست، مەجلسی ئەعلا رێکخست– ئەو هەڵە ستراتیژییەی کیمیابارانی لێکەوتەوە– راپۆرتی یاسین رەسوڵ عوسمان– هەڵەبجە– لڤین).

((هێزەکانی ینك پێشەنگی هاتنە هەڵەبجە بوون، دواتر هێزەکانی بزووتنەوە بوون، دواتر هێزە کوردییەکانی تر گەیشتن، لەم هێرشەدان بە چاوەکانی خۆم هێزەکانی مەجلسی ئەعلام بینی لەسەر مەرزو لە کاتی هەڵهاتنمان بۆ ئێران– ئەو هەڵە ستراتیژییەی کیمیابارانی لێکەوتەوە– راپۆرتی یاسین رەسوڵ عوسمان– هەڵەبجە– لڤین).

بزووتنەوە بۆ خۆیان چی دەڵێن ئاساییەو رۆڵی خۆیان لار ناکەن، وەلێ هاووڵاتیانی هەڵەبجە ئاوا باسی رۆڵی بزووتنەوە دەکەن لە هێرشەکەدا، کە چۆن داوایان لە خەڵك کردووە شار جێنەهێڵن، بەڵکو ئەوان شارەکانی دیکەش لەگەڵ ئێران رزگار دەکەن، کەچی پاشان بۆ خۆیان هەڵاتوونە بۆ ئێران، (بیروز کوکوئي 69عاما" التي مازالت تعاني لحد الان من آثار الضربة الكيماوية:" لقد فعلها بنا الملاعلي عبدالعزيز (زعيم الحركة

الاسلامية الكردستانية حاليا)، حين طلب من أهالي المدينة أن يلبثوا في أماكنهم و كان يقول بأنهم ماضون لتحرير المدن الاخرى ولم يخبرنا بانه يهرب مع القوات الايرانية بإتجاه إيران". )).

(( آسو جلال مواليد 1977 "فقد قال: "كنت في حي (كاني عشقان) حين بدأ القصف وقد هربنا و حالة من ذعر و خوف غير عاديين تلفنا، وأذكر بأن خالتي كانت قد أجرت عملية جراحية قبل بضعة أيام كما كانت أختي الصغيرة مريضة وكنت أحملها على ظهري، والحقيقة لم يكن هناك أي جهة تسندنا لكنني أود الاشارة هنا الى حقيقة مهمة وهي ان الحركة الاسلامية الكردستانية كانت مشاركة في الجريمة لأنها منعت أهالي حلبجة من الهروب من المدينة إذ كان الجميع متأكدين من أن الجيش العراقي سوف يقوم بقصف المدينة بالاسلحة الكيماوية وحتى ان الحركة بشخص الملا علي عبدالعزيز قدموه على الناس بأنهم والجيش الايراني يتقدمون لتحرير باقي المدن و المناطق الاخرى فيما كانوا يلوذون بالفرار تاركين الناس العزل فريسة لأفظع هجوم بالغازات السامة عليهم والتي كانت برائحة التفاح". وعندما قلنا له، لكن هناك من قال انه كان برائحة الثوم أجاب: "انا احدثك بالذي أحسست به من خلال حاسة شمي، لقد كانت رائحة زكية للتفاح".))

((لكن ايران و من خلال الحركة الاسلامية دفعت الاهالي للبقاء في المدينة فيما قامت هي و الحركة الاسلامية بالانسحاب ليشهدوا من بعيد المأساة و من ثم يعودوا ليستغلوا ذلك)). أهالي مدينة حلبجة: الحركة الإسلامية أجبرت الناس على البقاء ليواجهوا الإبادة -التحقيق منشور في ايلاف دجتال يوم الجمعة 16 اذار 2007- نزار جاف- في ذكرى حلبجة إيلاف تعيد فتح ملفاتها)).


005461

005462

005463

005464

## شوێنە پیرۆزەکان نەبونایە بەغدا ئاو دەیبرد

کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەرەکانی باشوور  لە بەرامبەر ئێراق تێك شکا بوو، خوازیار بوو بەشێك لە شەڕەکە بگوازێتەوە کوردستان، بۆ ئەوەی لە ناوخۆی وڵات بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانی پێ سەرکوت بکات و

پاڵەپەستۆی باشووریش سووک بکات، ئەزموونی لێدانی نەوتەکەی کەرکووکیش سەلماندی هێزێکی کەم و بە زیانی بچووک و شەڕی کەم خەرجی کاریگەری زیاترە لە جەنگە بەرەییەکان، بە تایبەتیش بتوانرێت لە شوێنە ستراتیژییەکان بدرێت.

لەو سەرو بەندە لە ناو هێزی پێشمەرگەی (ینک)دا گەرم بوو، دەیانەوێت بەنداوی دوکان و دەربەندیخان بتەقێننەوە، تەقاندنەوەی ئەو دوو بەنداوە یانی نەمانی بەغدا و هەرەسی بەعس بوو، وێڕای زیانە مادی و مرۆییەکان و شوێنەوارەکانی لە هەموو ئەو شارانەی دەکەوتنە سەر ئەو ئاوانە.

لەم بارەیەوە کاک شەوکەتی حاجی مشیر وتوویەتی: ئێمە زۆر جار ئەوەمان لە گەڵیان باس دەکرد و ئەوان دەیانوویست بیشکێنن و ئێمە قایل نەدەبووین (مەبەستی بەنداوی دەربەندیخانە).

محەمەد حاجی مەحمودیش دەڵێ : ئێران بە دوای کەمکردنەوەی مەترسیی هێرشێکی پێچەوانەی عێراقدا دەگەڕا لە باشوور، بۆ بەرفراوانکردنی مەیدانی جەنگ، بەڵام دەشیەویست بەنداوەکە بگرێت. کارێکی ژەهراوی- یۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق- کۆمپانیای ئاوێنە 145)).

وەلێ هادی فەرەجوەند زیاتر دەڕوات ((هادی فەرەجوند، کە فەرماندەی تاقمێك بەسیج بوو، (لە چاوپێکەوتنێکی ساڵی2002)دا ئەوە دەگێڕێتەوە کە رژێمی ئێران وایدانابوو بەنداوەکە بتەقێنێتەوە، بەڵام دواتر ئەو بڕیارەی هەڵوەشاندنەوە هەندێ دۆستن لە قەرارگای رەمەزان، لە ئەگەری دانانی تەقەمەنی لە ژێر بەنداوەکە کۆڵیونەتەوە و لەگەڵ ئایەتوڵا خومەینی مەسەلەکەیان تاوتوێ کردووەو ئەویش کە پرسیاری کردووە ئاوەکەی بەرەو کوێ دەچێت، پێی خۆش نەبووە ئەو کارە بکرێت و مۆڵەتی نەداوە)) خومەینی بە ئاشکرا لەوە ترساوە لافاوی دیالە زیان بە مەزارە پیرۆزکانی شیعە بگەیەنێت- کارێکی ژەهراوی- یۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق- کۆمپانیای ئاوێنە ل. 146 )).

(( هاشم سوڵتان : ئامانجی دوژمن گرتنی دەربەندەکانی دوکان و دەربەندیخان بوو و تێکدانی و بەردانەوەی ئاوەکە بۆ ژێر ئاو کەوتنی شاری بەغدا، پاشان داگیرکردنی شاری سولێمانی- نەخشەمان پاککردنەوەی ناوچەکە بوو لە ئێرانییەکان و پاشان کورد بە گشتی (الشرق الاوسط-10130،23-8-2006).

(پێشمەرگە و ئێرانییەکان دەیانویست لە ڕێگای تێکدانی بەربەستەکانی دوکان و دەربەندیخانەوە بەغدا بخەنە ژێر ئاوەوە "عەلی حەسەن مەجید"- ئیلاف 11-9-2006).

پێدەچێت ئەوەی ئەو ڕاپۆرتەی بۆ بەعس ئامادەکرد، کە ینك و ئێران بەنیازن دوکان و دەربەندیخان بتەقێننەوە، وەفیق سامەرائی کۆنە موستەشارە سەربازییەکەی بەڕێز تاڵەبانی بوو، کە لە ترسی سکاڵا بەغدای بۆ لەندەن بەجێهێشت:

((حسين رشيد تكريتي : الشخص الذي اعد هذا التقرير الاستخباراتي التي يؤكد نية ايران في احتلال شمال العراق مسؤول في الدولة حاليا وهو (مدير الاستخبارات العسكرية سابقا) اللواء وفيق السامرائي مستشار الرئيس جلال طالباني)) .

حسين رشيد تكريتي: ايران كانت تحتل شمال العراق بالتعاون مع المتمردين ولولا هذا الاحتلال لما حدثت الانفال. " نيات ايران كانت تسعى الى تفجير سد دربندخان و دوكان لازالة بغداد". الشرق الاوسط 10180 12-10-2006- متهم يقول ان مستشار حاليا لطالباني اعد تقرير مهد لحملة الانفال)).

## ئەی له بەرامبەر خەڵکەکەدا چیانکرد؟

کیماوی کاریگەر و کەم مەسرەفترین چەکە، کاتێك هیچ لێپرسینەوەیەك لەبەکار هێنانی نەبێت بۆ دڕندەیەکی وەکو سەدام، ئەوا وەکو مێرووله کوژێك بێسڵەمینەوە بەکاری دەهێنێت، زۆر ئاسایی بوو خەڵکی هەڵەبجە لەو کاتەدا هەموو بیریان بەلای بەکار هێنانیدا چووبێت له بەرامبەریان، سەدام نەك له شکست بگرە له کاتی ئاسایشدا بەکاری هێناوە. تاقه شت خەڵکی هەڵەبجە لەو کات و ساته شکیان دەبرد بۆ خۆ پاراستن له چەکی کیمیاوی، ئاو و جلوبەرگەکان و بەرزایی گرد و شاخەکان بوو، هەندێکیشان شارەزای ئەوەش نەبوون و زانیارییان له بارەیەوە نەبوو، بۆیه زۆرترینیان له ناو ژێر زەمینەکان گیانیان بەخت کرد.. هێزی پێشمەرگەو لایەنه هاوکارەکانیشیان هەموو ماسکی گاز به ملەوە بوون و ئەتروپینیشیان له گیرفاندا بوو.

راسته هێرشکردنه سەر مەڵبەندی نیشتەجێبونی هاوولاتیانی سڤیل، مامەڵەکردن لەگەڵ دیلی جەنگ، به تایبەتی خەڵکی هەڵەبجە، بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی، هەموو ئەمانه دەچنه چوارچێوەی تاوانه گەورەکانەوە و تۆباڵەکەی 100٪ له ئەستۆی سەدام و رژێمەکەیەتی، وەلێ دەکرا ئەو شاره نەکرێته ئامانج و بەشێك لەو جەنگه کۆنەپەرستانەیه و هاوکاری خەڵك بونایه بۆ رزگار بوون له مەرگ.

ئەوان به نیاز بوون به گرتنی هەڵەبجه پەلامارەکانی سەریان سوك بێت، وەلێ پێچەوانه کەوتەوە، هەڵەبجه ئەنفالی سەرخست، ئەنجامەکەی دوای لێدان و کیمیابارانکردنی هەڵەبجه دەرکەوت، هەڵەبجه گەلێکی بێ ورە کرد، لەو مێژووە بەدواوە کورد بەرگەی دوکەڵی نەدەگرت.

هەر خانەوادەیەك له دانیشتووانی هەڵەبجە، هەر منداڵ و پیرێژنێك، هەر لاو و پیرەمێردیکی رزگاربوو، هەر وێنەیەك لەوانەی ماونەتەوە، وەکو عومەری خاوەر چیرۆکی تایبەتی خۆیان هەیە، هێشتا ئەو خەڵکه ناتوانن سەرجەم

چیرۆکەکانی خۆیان بهێننە بەر باس، لە کاتی روودانی تاوانەکەدا هەندێك کۆسرەو مەکینەیان ئامادە دەکرد بۆ بڕینی بانکەکە، هەندێکیش عومەر خاوەر ئاسا خەونیان بە رزگارکردنی کوڕە تاقانەکەیانەوە دەبینی، فەرموون ئەمەش چەند سەرگوزشتەو بەسەرهاتێکی کەم لە یاداشتەکانی ئەو رۆژگارە بخوێننەوە:

(کە خەڵك ویستیان دەرچن، لە شنرەوێ حاجی سەعید عەبابیلێیان کوشت، دەیەویست خۆی و ژنە حامیلەکەی خۆیان ڕزگار بکەن ((حاجی شەفیع خەڵکی هەڵەبجە– دانیشتووی بەلجیکا)).

( شەوکەتی حاجی مشیر لە دوای کیمیابارانەکە لە سازان (( نیو کاتژمێر رێگە لە هەڵەبجەوە دوورە)) وتبووی: ملەوەنەکانم بۆ بێنن ، مەبەستی سەلاجە و تەلەفزیۆنی رەنگاو رەنگی بوو، بۆیان هێنابوو، بەڵام نەوزاد نەورۆڵی دابوویيانیە بەر فیشەك هەمووی کون کون کردبوو، لەو کاتەوە ململانێ کەوتە نێوانیانەووە. تا مردنیان ناکۆکییەکە هەر بەردەوام بوو– شایەدحاڵێك).

(پێشتر بیستبوم خەڵکی شار نیازیانە شار چۆڵ بکەن، گوایە سەدام بە چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە دەدات،.... جانتایەکی بچوك کە 2000 دیناری سویسری و 6 تاك بازن و زنجیرێك ژێر چەناگەی تێدا بوو هیچی نەمابوو– بارانی مەرگێك لە خەون دەچوو– بەختیار عوسمان– ئامادەکردنی عەبدوالکەریم مەحمود– ئاوێنە ژمارە 6–، 13–3–2007))

(لە سنووری هێزەکانی ینك بۆ یەکەمجار لە لایەن بەرپرسانەوە رێگا لەو خەڵکە گیرا بۆ دەربازبوون........

کوشتنی تۆفیقی کارەبا... کاتێك ئەم هاوولاتییە ویستی بەو سەیارەیەی کە پێی بوو لەگەڵ ماڵ و منداڵی دەربچێ، بەڵام رێگای پێ گیراو لەبەر سەیارەکەی ماوەی نەدرا گیانی ئەو منداڵانەی رزگار بکات، دوای ئیهانەیەکی زۆر سەیارەکەی لێ دەسەندرێ... ئەویش بڕیاری ئەوە دەدات لەگەڵ ماڵ و منداڵی بمێنێتەوە، هەندێکیش دەگێڕنەوە کە هەر لەو گێرەو کێشەیەدا کوژراوە (هەڵەبجە کارەساتی کیمیابارانی ساڵی 1988– هەورامان عەلی تۆفیق).

((لە ڕۆژی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا هەرگیز باوەڕم نەکردووە کەس دەستبەرێ بۆ ماڵی کەس، بەڵام زۆر شەو بە درێژایی ئەو ماوەیەی دوای کارەسات من لە هەڵەبجەدا بووم، پێشمەرگەکان دەچوونە ماڵەکان شتیان دەدزی، بەناوی ئەوەی ئەو ماڵانە ماڵە جاشن، ئاخر ئەم شارە کەی ماڵە جاشی تێدا بوو، ناوی مزگەوت و مەکتەبەکانیان پڕ کردبوو لە کەلوپەلی خەڵکی کێ بانکەکەی هەڵەبجەی بڕی؟– هونەر حەمە رەشید– عیرفان ئەحمەد– نزار ناشاد– لڤین– ژمارە87– مارسی2009)).

( حەلیمە: ئەمڕۆ ئەمڕۆیە و سبەی قیامەت، دوکانی کەماڵی جەلال کۆمەڵێك پێشمەرگەی تیابوو کە شتیان دەدزی، یەکیان ناوی مژدە بوو، کە پارتی بوو، ئێستا نازانین کە ماوە یان مردووە؟ پێمانوتن ئەوە خاوەنی دوو خێزانە بۆ

ئەو دوکانەی دەدزن؟ ماڵی خەڵکە ! پێشمەرگەکان وتیان بۆیان هەڵدەگرین، پاسدارەکان کە ئێمەیان دەدی شەرمیان دەکرد بە دیار چاوی ئێمەوە دزییەکەیان نەدەکرد– کێ بانکەکەی هەڵەبجەی بڕی؟– هونەر حەمە رەشید– عیرفان ئەحمەد– نزار ناشاد– لڤین– ژمارە87– مارسی2009).

کەماڵ، پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامی بووە لەو کاتە ((من خۆم مەیتم دیوە کە بۆ گوارەکەی گوێیان بڕیبوو، کەسانێکی زۆر هەبوون کە خەڵکی ئەم ناوچەیە نەبوون گوێیان نەدەدا بەوەی کە کێ مردووەو کێ نەمردووە؟ کێ بانکەکەی هەڵەبجەی بڕی؟– هونەر حەمە ڕەشید– عیرفان ئەحمەد– نزار ناشاد– لڤین– ژمارە87– مارسی2009).

ئەمەی خوێندتانەوە دڵۆپێکە لە دەریایەك، دەنکێکە لە خەرمانێك تاوان و تاوانی شاراوە کە بەرامبەر بە خەڵکی سڤیلی ئەو شارە کراوە لە چرکە ساتی مەرگی شارەکەیان و ئازیزانیان، ئایا ئەمانە کاروکردەوەی هێزێکی شۆڕشگێڕ و رزگاریخوازە؟ یان گروپ و تاقم و باندێکی مافیایی؟ !، وەڵام بۆ جەماوەر بەجێدێڵم. !

ئاساییە لەو جەماوەرە قوربانیە یەك دانەی لە کەسوکاری بەرپرسانی تێدا نەبێت، مام جەلال لە گەشتە مەکووکیەکانی بوو‌بێت، ئەو گەشتانەی سەرجەم لایەنەکان روحیان لێی چوو بوو، چونکە دوای هەر سەفەرێکی پەڕو باڵی لایەنێك دەکرا (مانگی 11 ی ساڵی 1987، بەر لە عەمەلیاتی ئەنفال، لە چەند سەرچاوەی جیاوازەوە هەواڵمان بۆ ئەهات کە جەیشی عیراق لە خۆئامادەکردن و نەخشەدانان دایە بۆ گەورەترین لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان، ئەو بە بیانوی ئەوەی ئێران دەعوەتی کردوە سەفەری کرد بۆ تاران، لەوێوە بۆ دیمەشق، ئینجا بۆ ئەوروپا تاسەرەتای ساڵی 1989 مایەوە. -نەوشیروان موستەفا : مام جەلال بۆ خۆدورخستنەوە لە رووداوەکانی کوردستان، رەنگی سیاسی بە سەفەرەکانی ئەدا._ کوردستانیوز )).

کاك مەسعودیش بە جیهاز لە جوڵەکانی حاجی ئۆمەران و هەڵەبجە ئاگادار دەکرایەوە (لقی4 و پاشان کاك مەسعود لە هەموو جوڵەکان ئاگادار دەکرا (هەڵەبجە کارەساتی کیمیابارانی ساڵی 1988– هەورامان عەلی تۆفیق).

کاك نەوشیروانیش لە سەرگەڵو بەرگەڵووەوە فەرمانی دەرکردووە، ئێستاش لە یاداشتەکانیشیدا باسی ناکات و قسەکردن لەسەریشی حەرام دەکات.

## لێدانی نەوتەکەی کەرکووک

ئەزموون وەرنەگرتن لە رابردوو و بینینی هەڵەی نەیاران و زۆر بڵێی و دان نەنان بە کەموکوڕی خۆ، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی سەرکردە سیاسییەکانی کوردە، هەر ئەوانەشە وادەکات هەمیشە مێژووەکان دوبارە ببنەوە.

کورد کەڵکی لە شوێنبزرکردنی 8000 نێرینەی بارزانی وەرنەگرت، بەتایبەتی دوای مفاوەزاتی 1983ی ینك لەگەڵ رژیمی بەغدا، دەرکەوت ئەوانە نەماون، بۆ خۆشیان وەك بینیمان باوەڕیان وایە کە کۆمەڵکوژی 8000 بارزانی پەیوەندی بە چاوساغی پارتییەوە هەبوو بۆ ئێران لە سنووری حاجی ئۆمەران، کەچی ئێستا بۆ خۆیان دێن 150کم سنوورەکان دەبەزێنن، ئێران دێننە سەر بڕەبڕە پشتی ئابووری ئێراق و سەرچاوەیەکی گرنگی هەناردەی نەوت بۆ بازاڕەکانی جیهان، کە ئەودەمە پشێوی بازاڕی نەوتی جیهانی لێکەوتەوە، ئەو چالاکیەی لای دەوڵەتە بەکاربەرەکانی نەوت و کۆمپانیا جیهانییەکان هەزار و یەك حیسابی تایبەتی بۆ دەکرا، نەزانی لەوەدایە وڵاتە خاوەن نەوتەکان ناوێرن باسی نەفرۆشتنی نەوتی خۆیان بکەن، ئەمانیش چاڵە نەوت دەسوتێنن.

ئەمجارەیان لە سەر زاری خۆیەوە با بزانین رۆڵی کاکە نەوشیروان چی بووە لە لێدانی نەوتەکەی کەرکوك، کە من بە11ی سەپتەمبەری کوردستان ناوی دەبەم و زۆربەی هاووڵاتیانی کوردستانیش بە سەرەتای هۆکاری ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالی دەزانن: سەرکردایەتی یەکێتی لەبەر گرنگی کارەکە، دانان و جێبەجێکردنی پلانی هەموو چالاکیەکەیان بە من سپارد و، من رۆژانە ئەبو خەریکی وردەکاری پلانەکەبم، ئێرانیەکان ئەم کارەیان بەلاوە زۆر گرنگ بو، تەنانەت بە مەرجی جدی بونی یەکێتی لە شەڕی عێراق و، پاشە رۆژیان دانابو. (خولانەوە لەناو بازنەدا – نەوشیروان مستەفا– ل.107).

ئەوە نییە بەڕێز کاك نەوشیروان تەنها نەخشە داڕێژەری (لێدانی نەوتەکەی کەرکوك )بوو بێت بە تەنها وەکو ئاماژەی پێدەکات، بەڵکو وەك جێبەجێکەریشی بووە لە بواری پراتیکدا، بەڕێزی ئاوامان دەنوسێت و روندەکاتەوە: هێزێکی تر کە هێزی سەرەکی و هەرە گەورەی یەکێتی بوو. بە سەرپەرشتی خۆم، ئاگر بارانی باوەگوڕ گوڕ بکەن– خولانەوە لەناو بازنەدا– ل107)).

بۆ ئاگاداری و زانیاری خوێنەران، تیمە ئیستخباراتییەکانی سوپای پاسداران پێش لێدانی نەوتەکە، لەگەڵ مەفرەزەکانی تیپی 21ی کەرکوك لە ناوچەکانی بان ساڵەیی و شوان و شیخ بزێنی دەسوڕانەوە، شەوی لێدانەکەش گەیشتنە بن کەلی سێکانیان چەند کم ی شار، وەلێ سەرکردایەتی هێزەکە لە گوندی مۆرخواردە بوو"گوندی مۆرخواردە لە بناری چیای خاڵخاڵانە بە دیوی بەری قەڵاسێوکەو دەشتی کۆیەدا، تا دەگەیتە شوێنی چالاکییەکە بەسەر دەیان گوند و ناوچەی سەختی وەك شیوە سوور و بەری پێشەوەی بناری خاڵخاڵان، شیو و دۆڵەکانی ئەو دەڤەرەدا تێدەپەڕیت،((40کم ی ناوچەی شاخاوی و پڕاو پڕ لە دۆڵان و شیوی قول و چەمی ئازادکراو ,چەندین ساڵ بوو رژێم پێی نەگەیشتبوو, لە ساڵی1976ەوە پێشمەرگە بەردەوام هاتوونەتە ئەو گوندە و عەلی ساڵەحی فەرماندە لە ڕۆژێکی بەهاری ساڵی1982 لەو گوندە گیانی بەختکرد)), کاك نەوشیروان ئاوا باسمان بۆ دەکات: بنکەی

فەرماندەیی هێزەکەی خۆمم لە مۆرخوادە دانا. دوری مۆرخوادە لە کەرکوکەوە لە 40 کم کەمتر بوو– (خولانەوە لەناو بازنەدا– ل.109).

دیارە لێدانی نەوتەکەی کەرکوک لە دوو بەرەوە بوو، بەرەی گەرمیان و بەرەی سالێی و شوان، بەڕێز مەحمود سەنگاوی ئاوا یاداشتەکانی خۆی لەو شەوەدا و لە بەرەکەی دیکە دەنووسێتەوە: ڕۆژی 10–10–1986 لە دێی خالێدان چاومان بە کاك شەوکەت و کاك ڕۆستەم و مام صالەح گۆڕی ئەسپی کەوت.

..... کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ لە لایەن کاك نەوشیروانەوە بروسکەمان بۆکرا کە هەر ئەمشەو چالاکییەکە بکرێ. کاك شەوکەت داوای دواخستنی کرد چونکە هێزەکانی مەڵبەندی یەك فریا ناکەون، بەڵام کاك نەوشیروان وەڵامی دایەوە: ئەبێت هەر ئەمشەو ئەنجام بدرێ، ئەگەر ئەمشەو نەکرێ دیارە ناتانەوێ ئەنجامی بدەن (بیرەوەرییەکانی سەنگاوی– مەحمود سەنگاوی– چاپی دووەم– ل.190).

ئەوە نەبێت لەو کاتەدا کەس گومانی نەبوبێت لە کاردانەوەی ڕژێم بەرامبەر بەو کردە سەربازییە، تەنانەت لە ناو فەرماندە سەربازییەکانی خودی (ینك)یشدا.. ئەمەی خوارەوە یاداشتی شەهید ڕێبازە: سەیرێکی کاك "....."م کرد و ووتم بە ڕاستیتە لە کەرکوك دەدەین.... وتی بۆ؟ هەمووی دەسوتێنین، عێراق بە ساڵێك ناتوانێ ئەو خەسارەتە پڕ بکاتەوە.....؟! دیسان پێم ووت ئەدی میلەتی خۆمان، باشە ئەو گوندانە باشە خەڵکەکەی حکومەت دڕندەیە هەرچی لە دەست بێت دەیکات..– ئەنفال و پەرتووکی قەندیل بەغدای هەژاند– ڕۆژنامەی ڕزگاری پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان، ژمارە 31 ئایاری 1996– عەلی مەحمود محەمەد).

لە کاتێکدا ئەو شەوە سەدان گوندی سالەیی و شوان و شێخ بزێنی بە خەڵك و سامانیانەوە بۆ ڕەحمەتی دڕندەیی ڕژێم بەجێهێڵران بۆ چارەنووسێکی بە ڕاستی نادیارو دواجاریش باجەکەیان دا بە 23000 ئەنفال و لە دەستدانی ئەوەی زیاتر لە 5000 ساڵ بوو بنیات نرابوو، کەچی ئەوان خۆیان دەگەیەننە چەمی ڕەزان و گوندی شێخان کە لەو کاتەدا بارەگای بەڕێز عەلی بچکۆلی لێبوو، شوێنێکی سەختی وەك چەمی ڕەزان لەو کاتەدا ئەگەر ڕژێم دەستوبردیش هێرشی بۆ بکردایە، بە هەفتەیەك نەدەگەیشت پێی و ئامانجی نەدەپێکا، چونکە ئەشکەوت و لاچەپییەکەی بە ئاستێکن فرۆکەش بە ئاسانی دەستی پێ ناگات و نایدۆزییەوە.. کەچی کاك نەوشیروان ئاوا بەمجۆرە باسیدەکات: بۆ بەسەر بردنی ڕۆژێکی نەزانراو چووینە دێی شێخانی چەمی ڕێزان بە هیوای ئەوەی شەوی داهاتوو بگەڕێینەوە دۆڵی جافایەتی– خولانەوە لەناو بازنەدا– نەوشیروان مستەفا– ل.111).

## یادگارییەك و دووا وتە

رۆژی 16–3–1988 لە گوندی گۆرانی سەر خاسەی چەند کیلۆمەتری شاری کەرکووك بووین، خۆرەتاوێکی خۆش، وەلیٚ خەڵکەکە بیٚ ئومێدی و ترسێکی زۆر لە هێرشی رژێم بە سیمایانەوە دیار و دایگرتبوون، لە پاڵ مزگەوتی ئاوایی لەبەر خۆرەتاوەکە دانیشتبوین، رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان و بە دەنگی فەرهاد سەنگاوی هەواڵی ئازادکردنی هەڵەبجە و دەوروبەری بڵاو کردەوە، چەند پێشمەرگەیەکی (ینك) کە یەکێکیان کاك چالاك زەردکی بوو، کە ئێستا جێگیری بەرپرسی مەڵبەندی (ینك)ە لە شاری دوبز، بە دیار رادیۆکەوە شاگەشکە ببون و لە خۆشی دەنگی فەرهاد و سەرکەوتوویی چالاکییەکە ئەوەندەی نەمابوو لە شەقەی باڵبدەن، منیش خۆم تێك نەداو وتم: هەڵەبجە فت و بە کیمیاوی لێی دەدا..ئەوان بەو هەڵوێستەی من تورە بون و رەخنەی توندیان لێمرگت،وەلیٚ چەند کاتژمێرێکی پیٚ نەچوو پێشبینیەکەم راست دەرچوو. پەند لەوە وەرنەگیرا چۆن رێگە لە هەڵەبجەییەکان و گەرمیانییەکان و سێکانی و هەڵەدنییەکان و هتد..... گیراو کرانە قوربانی حەزە ناپیرۆزەکانی بەرپرسان و نەزانیان، هەمان کارەسات لەو دەڤەرە دوبارە کرایەوە، پێنج هەڵەبجەی دیکەشیان لەو دەڤەرەدا پێکهێناو دووبارە کردەوە، عەلی بچکۆل و مام رۆستەم قارەمانی رێگری بوون لە دەربازبوونی ئەو خەڵکە، پاشان یەکێکیان خۆی وماڵ و منداڵی گەیشتە نیوزلەنداو ئەوی دیکەش بۆ ئاڵمانیا، پێم وابێت ئەوی یەکەمیان دواتر لە نامیلکەیەکدا پێی لە هەڵەکان نا،هەرچەندە پەنجەی بە تەواوی لەسەر هەڵەکانی نەنا.. جەبار فەرمان لە ئۆردوگایەکی ئێراندا دوای ئەنفالەکان راستی پێکا کە گوتی : بەرپرسان هەموو پاسەپۆرتیان لە گیرفانە ئێوە فەوتان.

هێنانی پاسدار و شەڕی هاوبەش لەگەڵ ئێران، نەك هەر تاکتیکێکی هەڵە بوو، کوردی بەرەو لێواری مەرگ برد، بگرە بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستانیشی ناشرینکرد و پێگەی لە ئاستی پشتیوانی سەرجەم تەوژمە جیاجیاکان و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی لاواز کرد، هاوکات دەست تێکەڵکردن لەگەڵ دەوڵەتێکی دڕندەی وەك کۆماری ئیسلامی ئێران کە هەر لە چوارچێوەی ئەو چالاکیانەش دەستی نەپاراست و 72 تێکۆشەری گوردانی شوانی هێزەکانی کۆمەڵەی پاکتاو کرد، بۆ خۆی ناپاکی نەتەوەیی و مێژووییەکی ناشرین و شەرمەزار هێنە.

هەموو ئەو لایەنانەی تێکەڵ بەو پرۆسەیە بوونە بەشیان لەو مێژووە ناشرین و قێزەونە بەرە کەوێت و دەبێت جەرائەتی ئەوەیان تێدابێت ئۆباڵی بگرنە ئەستۆ و دان بە هەڵەی خۆیاندا بنێن.

ئەم دۆسیەیە بەرەو روی کەسێك و لایەنێکی دیاریکراو ناکرێتەوە، بەڵکو بەرەو روی هەموو ئەوانە دەکرێتەوە بەشداری ئەو تاکتیکە ناشرین و سەقەتەیان کردووە.

(ینك) زۆر پێش هەڵەبجە و لێدانی کەرکوك، پەیماننامەی سەربازی و قۆڵ هەڵماڵین بۆ ئەو تاکتیکەی واژۆ کرد گەلێکی بەرەو مەرگ برد (لە ساڵی 1986 لایەنەکەی بەرێز تاڵەبانی رێککەوتننامەی رەسمی سیاسی و سەربازی

لەگەڵ تاراندا بەست. جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە، چاپخانەی خاك ل.54).

ئەم هەڵە کوشندەیەی کە بە تاکتیکی دەزانن وەك گۆڤاری لڤین ناوی ناوە، یان هەڵەیەکی ستراتیژییە وەك قوربانیان رایدەگەیەنن، هەنووکە پێویستە هەموو وەکو یەکتری بەری زیانەکەی بدورنەوەو داوای لێبوردن لەو گەلە بکەن کە کردتان بە قوربانی هەڵە و نەزانی و دەسەڵات، تاوەکو ئێستا خوێنیشی باشترین دوکانە بۆ بازرگانی دەسەڵاتداران. ئەگەر ئێوە بانگ نەکران بۆ دادگای دۆسیەی هەڵەبجە وە نەشتان ویست هاوکاری دادگا بکەن، ئێستا ویژدانتان شاد بکەن و راستیەکان بۆ هەموو لایەك رونبکەنەوەو ئامادەیی دەربڕن بۆ لێپرسینەوە.. لاتان مسۆگەر بێت تاکە هۆکار لەبەردەم دۆسییەی هەڵەبجە بێت ئەو هەڵە مێژووییەی ئێوەیە. بێشك هەر راپرسییەك لەسەر رۆڵی ئێران و کارو کردەوەی بەرپرسان لە پرۆسەی ئەنفال و هەڵەبجە بکرێت، ئەوکات دەزانن ئەمە بۆچوونی زۆربەی گەلە بە تایبەتیش کەسوکاری قوربانیان، ئێوە کە خاوەن دەزگای ئەنجامدانی راپرسین هیوادارم ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ.